# گۆڕانکارییە یاساییەکان لە هەرێمی کوردستان و گونجاندنیان لەگەڵ مەبەستەکانی شەریعەت
## یاسای ژمارە (6)ی ساڵی 2015 لەسەر (منداڵ و دایك و باوکی جیابووەوە) بە نمونە
## توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆژیی مەیدانییە لە شاری سلێمانی

(PP 145 - 170)

https://doi.org/10.21271/zjhs.23.s4.11

**پەروین أبوبکر محمد**

کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی

parweenam@yahoo.com

**Supplementary Vol.23, No.4, 2019**

The Texts and Heritage:

"Readings and Reviews"

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەشاری سلێمانی، لەسەر ڕەنگدانەوە دەروونیو کۆمەڵایەتییەکانی یاسای ژمارە (6)ی ساڵی (2015) لەسەر مانەوەی منالٚ لای یەکێك لەدایكو باوك دوای جیابونەوەیان، ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە دەرخستنی لایەنە ئیجابیو سلبیەکانی جێبەجێکردنی یاساکەیە، لەگەڵ دەرخستنی جیاوازی بیروڕای هاوسەرە جیابووەکان لەسەر یاساکە بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، ئاستی بژێوی، لایەنداری)و دەرخستنی کاریگەری هاوسەرگیری دووەمو دروست بوونی کێشە بۆ منالٚ.

بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانەش توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، توێژەر فۆرمی ڕاپرسیو چاوپێکەوتنو تێبینی کردنی وەك ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە. سامپڵی توێژینەوەکە مەبەستدارەو پێکهاتووە لە (45) هاوسەری جیابووەوە، کە یاسای هەموار کراوی ژمارە (6)ی ساڵی 2015 جێبەجێدەکەن.

لەئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە، یاساکە کاریگەری سلبی هەیە لەسەر منالٚ، بە شێوەیەکی زۆر کەم کاریگەری ئیجابی هەیە، ئەویش لەبەرژەوەندی منالٚدا نییە، هەریەك لە (ترس، شەڕەنگێزی، قسەگێڕانەوە، دەستێوەردانی ژیانی منالٚ، قسە هێنانو بردن) لەڕیزبەندی یەکەمی ئەو بارە دەروونیە سلبیانەن، کە لەسەرمنالٚ دەرکەوتن، هەروەها (نائومێدی، هەست بەکەمیو ملکەچ بوون، و هەڵهاتنو خەمساردی) بەڕێژەی کەمتر لەسەر منالٚەکان دەرکەوتوون، بەهۆی جێبەجێکردنی یاساکەوە.

بەپێی هەریەك لەگۆڕاوەکانی (ڕەگەزو تەمەنو ئاستی خوێندنو ئاستی بژێویو لایەنداری) هیچ جیاوازییەك لەنێوان بیروڕای لێتوێژراواندا نییە، واتە بەگشتی لێتوێژراوان پێیان وایە کە یاساکە کاریگەری سلبی زیاترە لەسەر منالٚ بە بەراود بەکاریگەرییە ئیجابیەکانی.

هەروەها دەرکەوتووە لەئەگەری مانەوەی منالٚ بۆ ماوەی (24) کاتژمێر لای لایەنی بەرامبەر (دایك بێت یان باوك) لەکاتێکدا ئەم لایەنە هاوسەرگیری دووەمی کردبێتەوە کێشەی زیاتر ڕووبەڕووی منالٚ دەبێتەوە.

**کلیلی توێژینەوە:** گوڕانکاری، یاسا، کوردستان.

### 1- پێشەکی:

یاسا پەیوەندییەکانی تاك بە کۆمەڵگەوە ڕێکدەخات و ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکات، لە گرنگترین پەیوەندییەکانیش پەیوەندییە خێزانییەکانە کە پێکهێنەری خێزان و بەرهەمی پرۆسەی هاوسەرگیرییەو بەپێی شەرع و یاساو نەریت ڕێگەی پێدراوەو بنیات نراوە، خێزانیش وەك هەموو دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگە ڕووبەڕوی هەڵوەشانەوەو لێکترازان دەبێت، لەم کاتەشدا پێویستی بە شەرع و یاسایە بۆ پاراستنی ئەمنو ئاسایشی تاکەکانی. بابەتی توێژینەوەکە بریتییە لە دەرخستنی (ڕەنگدانەوە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکانی یاسای ژمارە (6)ی ساڵی 2015 ) یاسای هەمواری دووەمی جێبەجێکردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (188) ی ساڵی 1959 ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان –عیراق. کە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەری کرد لە پێناوی پاراستنی مافەکانی منداڵ و پێدانی دەرفەتی یەکسان بە دایك و باوك بۆ پەروەردەی منداڵەکانیان، و کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنیەکانی جیابونەوە لەسەر منداڵ، وەك لە یاساکەدا ئاماژەی پێدراوە.

مانەوەی منداڵ (مبیت) دوای جیابونەوەی هاوسەرەکان لە یەکتری لای دایك یان باوك گرنگترین هۆکاری پەیوەندی و بابەتی مشتومڕی نێوانیانە، دوای ئەوەی کە یاسا بڕیاری دا لای دایك یان باوك دەمێنێتەوە، شوێن و کاتی بینینیش بۆ لایەنی بەرامبەر دیاری دەکرێت، ئەو هەموارکردنەی کەلە یاساکەدا کراوە مانەوەی منداڵە(مبیت) بۆ ماوەی 24 کاتژمێر لای لایەنی بەرامبەر (غیر

حاضن)، ئەمەش چەندین زیانی بۆ ژیانی منداڵ دروست کردوە، کە پێچەوانەی یاساکەیە، بەمەش منداڵی خستوەتە دۆخێکی نائاسایی و شڵەژاوو نائارام و نا تەندروستەوە.

توێژینەوەکە هەوڵ دەدات شوێنەوارو جێکەوتەکانی یاساکە دیاری بکات، هاوکات لەگەڵ ئامانج و مەبەستە شەرعیەکانیشدا بەراوردی بکات، بەمەبەستی پێداچونەوەو هەموارکردنەوەی یاساکە لە لایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە، بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجی یاساکە، کە دەستەبەرکردنی کەشێکی ئارام وتەندروستە بۆ منداڵ لە خێزانێکی جێگیردا.

**2-1کێشەی توێژینەوە:**

لەئەنجامی پراکتیزەکردنی یاسای ناوبراو چەندین گرفتی دەرونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ڕەفتاری و ئابوری و گەشەیی بۆ منداڵ، و بەخێوکەر (حاضن)ەکەی و، لایەنی بەرامبەر(غیر حاضن) دروست کردووە، کە زیاترن لەلایەنە ئیجابیەکانی، زۆرجاریش بۆتە گرفت بۆ خانەوادەی هەردوو لاو تێکچون و پچڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خزمایەتییەکانیان و دروستکردنی ڕق و کینەو ناکۆکی لە نێوانیاندا، زەرەرمەندترین لایەنیش منداڵە چونکە ژینگەیەکی نائارام و پڕ لەترسو نەگونجانی دەرونی و کۆمەڵایەتی لا دروست کردووەو کاریگەری نەرێنی لەسەر داناوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەڵەو کەمو کورتییانەی لەیاساکەدا هەیە، کە هۆکاری بەتاڵ بوونەوەی گەیشتنە بەئامانجی یاساکە، کە بریتییە لەپاراستنی بەرژەوەندی منداڵ.

لەبەر بەرزبونەوەی ڕێژەی جیابونەوە، بەهۆی گۆڕانکارییە خێراکانی سەردەم و قەیرانی دارایی‌و لاوازی ئەداکردنی ئەرکی زۆرینەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێژەی ئەو منداڵانەش زیادی کردووە، لەبەرئەوە کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لەم پرسیارە : ئەو جێکەوت و ئاسەوارە نەرێنییانە چین کە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دروستی کردووە لە ڕوی (دەروونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ڕەفتاری و ئابوری و جەستەیی) لەسەر هەریەك لە(منداڵ، حاضن، غیر حاضن).

**3-1گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نوێ چارەسەر دەکات، کە پەیوەندیدارە بەمنداڵەوە لەڕووی باش پەروەردەکردن‌و پێگەیاندنییەوە، هەروەها ڕۆڵی هەریەك لەدایك‌و باوك وەك هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ بەرجەستەکردنی ئامانجی پاراستنی مافی منداڵ‌و ڕواندنی کۆمەڵێك مانای شاراوە لەدەروونی منداڵدا لەڕووی مافی باوان‌و خزمان لەبینینی منداڵدا، گەڕانە بە دوای دەرخستنی ئەو کێشەو گرفتانەی لە دەرئەنجامی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە(6) ی ساڵی (2015) ەوە دروست بوون کە تایبەتە بە بینین و مانەوەی منداڵ لای لایەنی بەرامبەر.

گرنگی توێژینەوەکە بۆ لایەنی پەیوەندیدار لەوەدایە، کە دەتوانن لەڕێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەوە بگەنە ئەو دەرئەنجامەی ئایا یاساکە ئامانجەکەی خۆی بەدیهێناوە، کە بریتییە لە پاراستن‌و فەراهەم کردنی مافەکانی منداڵ، یان بە پێچەوانەوە.

هەروەها دەرئەنجامی توێژینەوەکە گرنگە بۆ دایك‌و باوکی جیابوەوە، ئەگەر بەخێوکەر بێت یاخود نا، کە ئایا پاراستنی مافی منداڵەکەیان لەچیدایە تاکو ڕێك بکەون‌و پێوەی پابەندبن.

لەگەڵ ئەوانەشدا توێژینەوەیەکی ووردو دیاریکراوو تازەیە سەبارەت بە کێشەیەکی تازەی خێزانی جیابوەوە، و هۆشیارکردنەوەی خێزانەکان و ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار لەشوێنەوارەکانی هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە.

**4-1ئامانجی توێژینەوەکە:**

1.دەرخستنی شوێنەوارە ئەرێنی و نەرێنیەکانی جێبەجێکردنی یاساکە لەسەر لایەنی جێبەجێکراو (منداڵەکە)، بەبیروڕای لێتوێژراوان.

2. دەرخستنی جیاوازی لەنێوان نمونەی توێژینەوەکە بەپێی ئەم گۆڕاوانەی خوارەوە:

أ/ ڕەگەز: نێر - مێ

ب/ تەمەن: (18 – 27) (28 – 37) (38 – 47) (48 – 57)

ج/ ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار ، خوێندنەوەو نوسین، بنەڕەتی، ئامادەیی، پەیمانگا، زانکۆ، خوێندنی باڵا

د/ ئاستی بژێوی: زۆر باش، باش، مام ناوەند، خراپ، زۆر خراپ

ە/ بیروڕای بەخێوکەر (حاضن) و لایەنی بەرامبەر (غیر حاضن) لەسەر جێبەجێکردنی یاساکە.

3. دەرخستنی کاریگەریی هاوسەرگیری دووەمو دروست بوونی کێشە بۆ منداڵی هاوسەرگیری یەکەم، لەکاتی مانەوەی (24) کاتژمێر لەلای ئەو لایەنەی هاوسەرگیری دووەمی کردۆتەوە، دایك بێت یان باوك.
4.خستنەڕوی بیروڕای دادوەرانی باری کەسێتی لەسەر چەندێتی پاراستنی بەرژەوەندی منداڵ لە هەموارکردنەوەی ئەم یاسایەدا.
5.دەرخستنی کەم و کورتی یاساکەو، چۆنێتی چارەسەرکردنی .

**1-5دیاریکردنی چەمکەکان:**

ڕەنگدانەوە: (الإنعكاس) Reflection بریتییە لەکارلێککردنی نێوان هزرو کردار، یاخود چاودێری کردنی خود کە تاکە کەس لەگەڵ دەرونی خۆیدا ئەنجامی دەدات، ڕەفتاری بەجۆرێك دەگۆڕێت، کە زەحمەتە بەئاسانی بیناسیتەوە. (دوریتە، 2009: 107 – 109) مەبەستمان ئەو هەستەیە کە ئەو خێزانە جیابوەوانە هەیانە لە دەرئەنجامی هەموارکردنی یاسای ژمارە (6 ی ساڵی 2015ی یاسای باری کەسێتی) سەبارەت بەمافی بینینی منداڵ.

کێشە کۆمەڵایەتییەکان: المشكلات الإجتماعية Social problem هەموو ئەو بارودۆخانەن کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم تاکەکەس و ناهێڵن ڕۆڵی کۆمەڵایەتی خۆی ئەنجام بدات، لەو چوارچێوە گشتیەدا کە کۆمەڵگە ڕێکەوتووە لەسەری، (بدوی، 1982: 393) ئاماژەیە بۆ ئەو لادانانەی لە کۆمەڵگەدا ڕوو دەدەن، لەئەنجامی گۆڕانە کۆمەڵایەتییە خێراکانەوە، بەهۆی دواکەوتوویی کولتور یاخود لەئەنجامی ململانێی نێوان بەرژەوەندیو بەها. (السید، 1997: 154)وەك ململانێی کۆمەڵایەتی لەشێوازی توندوتیژی خێزانی کە تاكو کۆمەڵگە ڕووبەڕووی دەبنەوە بەپلەی جیاواز.(سكوت، 2011: 182)

کێشە دەروونییەکان: المشكلات النفسية: Psychology problem بریتییە لە حاڵەتێکی دەروونی کە بۆ تاك دروست دەبێت لەئەنجامی بوونی ڕێگرییەکی ماددیی یاخود مەعنەوی کە دەبێتە بەربەست لەتێرکردنی پێویستییەك لەپێویستیە دەرونیەکان، بەهۆی زاڵ نەبوون بەسەر ئەو ڕێگرییەدا هەست بە دڵەڕاوکێو بێ ئومێدیو ململانێو خەمۆکی دەکات. (المجيدل وآخرون، 2008: 46)

کێشە ڕەفتارییەکان: بریتییە لەتێکچوونی وەزیفی لەکەسێتیدا، دەرکەوتنێکی دەروونیو جەستەیی جیاوازە، کاردەکاتە سەر ڕەفتاری کەسێتیو ڕێگری دروست دەکات لە هاوسەنگی دەروونیدا، هەروەها کار دەکاتە سەر ژیانی ئاسایی منداڵەکە لەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژی. یاخود ڕەفتارێکی نەویستراوە کە منداڵ ئەنجامی دەدات، خوازراو نییە لەلای دەوروبەرو ژینگەکەی، هەورەها ڕەفتارێکی دووبارە بوەوەیە، کە دیاری کراوە لەچەند کێشەیەکی وەکو (میزبەخۆداکردنی لائیرادی، شەڕەنگێزی، سەرکەشی، درۆ، کێشەکانی خواردن) (إسماعيل، 2009: 6-7).

دایەنگا (حضانە): پەروەردەی منداڵە(الجندی، 2011: 148) هەروەها پابەندبوونی دایەنە بەپەروەردەو پێگەیاندنو چاودێری کردنی دایەنکراو، و بەڕێکردنی لەماوەی دایەنگەدا،(كريم، 2004: 263)

جیاوازی ئەم توێژینەوەیە، لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوودا ئەوەیە: جەخت دەکاتەوە لەسەر شوێنەوارە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکانی یاسایەکی هەموارکراوی هەرێمی کوردستان تایبەت بە مانەوە(مبیت)ی منداڵ بۆ ماوەی 24 کاتژمێر لای لایەنی بەرامبەر(غیر حاضن)کە لە توێژینەوەکانی پێشوودا باس نەکراوە.

بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

باسی یەکەم: ئاڕاستە تیۆریەکانی شیکردنەوەی ناکۆکیە خێزانییەکان

باسی دووەم: کێشە کۆمەلایەتیو دەروونیو ڕەفتارییەکانی منداڵ دوای جیابونەوەی دایكو باوك

باسی سێیەم: مافی بینینی منداڵ لە یاساکەدا .

**2 -تیۆریەکانی شیکردنەوەی ناکۆکیە خێزانییەکان:**

**1-2- تیۆری بونیادی ئەرکگەریی:** لەزانا دیارەکانی ئەم تیۆرە (تالكۆت پارسۆنز)ە لەکتێبی سیستمی کۆمەڵایەتیدا دەڵێت: هیچ بونیادێك نییە بێ ئەرکی کۆمەڵایەتی، هیچ ئەرکێکیش نییە بێ بونیادی کۆمەڵایەتی، لەسەر بیرۆکەی تەواوکاری بەشەکان لەهەمویەکدا (واتە تەواوکاری لەنێوان ڕۆڵی ئەندامانی خێزان لەخێزانێکداو پشتگیری کردنی یەکتری)بنیاتنراوە (جلبی، 2005: 170). ئەم تیۆرە پشت بەبنەمای زانستی زیندەوەرزانی دەبەستێت، لە توێژینەوەکردنی کۆمەڵگەدا، کە کۆمەڵگە لەچەند دامەزراوەو سیستمێك پێك دێتو چەند ئەرکێکیان هەیە، کە یەکتر تەواو دەکەنو یارمەتی بەردەوامی کۆمەڵگە دەدەن. بەپێی ئەم تیۆرە خێزان

یەکەیەکی بەیەکەوە گرێدراوەو، پاڵپشتی یەکترن‌و لەچەند ئەندامێك پێكدێت، کە هەریەکەیان ئەرکی سەرەکیان هەیەو پێداویستییە بایولۆجی‌و ڕۆحی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابورییەکانی یەکتر تەواو دەکەن، هەر گۆڕانێك بەسەر هەریەکێکیان بەتایبەت (باوك یان دایك)دا بێـت، لەسـەر تەواوی بەشـەکانی تـریش ڕەنگـدەداتەوە، لەهەمانکاتـدا سیسـتمێکی بەهـایی لەخێزانـدا هەیە، کە کـار بەسـەر ئەندامەکانیدا دابەشدەکات‌و ئەرك‌و مافی هەموو تاکێك دەستنیشان دەکات، هەروەها ئامرازەکانی کارلێکی نێوانیان دیاری دەکـات لەگەڵ بوونی سزاو پاداشت بەرامبەر هەر کـردەوەیەك، لەهەمانکاتـدا لەپەیوەنـدییەکی ئاسـۆیی‌و سـتونی بەردەوامـدان لەمیـانەی پیادەکردنی سیستمی پێگەو دەسەڵات لەخێزاندا. (الحسن، 2005: 56).

ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش جەخت لەسەر ئەم تەواوکاریە دەکاتەوە، خوای گەورە سەبارەت بە هاوسەران دەفەرموێت: {هن لبـاس لکم وأنتم لباس لهن} (البقره 187). ئاشکرایە مرۆڤ بێ پۆشاك ناتوانێت ژیانێکی تەواوی هەبێت، پۆشاك مرۆڤ لە سـەرماو گەرمـا دەپارێزێت،  عەیب و عار و کەموکوڕی جەستەیی دەشارێتەوە، کەواتە هاوسـەرانیش بە تەواوی بـۆ یەکـدی پـارێزەر و داپۆشـەری کەموکوڕی و تەواوکاری یەکدین.

هەروەك پێغەمبەری ئیسلام درودی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (( كلكم راع ومسؤول عن رعيتـه فالإمـام راع وهـو مسـؤول عـن رعيته والرجل فى أهله راع وهو مسؤول عن رعيته والمرأه فى بيت زوجها راعيه وهي مسؤوله عن رعيتها والخادم فى مال سيده راع وهو مسؤول عن رعيته )) (صەحیحی بوخاری، فەرموودەی ژمارە (2278)، صەحیحی موسلیم، فەرمـوودەی ژمـارە (1829). بەپێـی ئەم فەرموودەیە هەمو ئەندامانی کۆمەڵگەو خێزان بەرپرسن بەرانبەر یەکترو ئەرك و مافی دیاریکراویان هەیەو تەواوکاری یەکدین و پێویستیان بە یەکـتر هەیە. دیـارە هەرکـات مرۆڤـەکـان هەڵنەسـتان بە جـێ بەجێکردنـی ئەم بەرپرسـیارێتیەی سەرشـانیان وەك لە فەرموودکەدا هاتووە یاخود کەمتەرخەمیان هەبوو شیرازەی ژیان دەشێوێت و خێزان و کۆمەڵگا بەرەو لێك ترازان هەنگاو دەنێن.

بەبـڕوای کۆمەڵناسـانیش خێـزان ڕووبەڕووی هەڵوەشـانەوە دەبێـتەوە کاتێـك نەتوانێـت ئەرکە بنەڕەتییەکـانی جێبەجـێ بکـات وبیسپێرێت بەدامەزراوەکانی تری کۆمەڵگە، لێرەدا ناتەواوی لەئەرکدا (dysfunctional)دروست دەبێت، چونکە هەر دامەزراوەیەك ئەرکێکی دیاری کراوی هەیە، ئەگەر جێبەجێی نەکات ئەرکی زیادە (over time)بۆ دامەزراوەیەکی تر دروست دەکات‌و شڵەژاوی‌و بێ نۆرمی لەئەرك‌و ڕۆڵەکاندا دروست دەبێت‌و خێزان بەرەو هەڵوەشانەوە دەبات.

**2-2 تیۆری کارلێکی کۆمەڵایەتی:** لەدیارترین زاناکانی ئەم تیۆرە (جۆرج زیمل‌و چارلس هرتن کولی‌و جـۆرج هربـرت میـد)ن، ئەم تیۆرە زیاتر گرنگی دەدات بە تێگەیشتن‌و شیکردنەوەی ڕەفتاری مرۆیی لەچوارچێوە کۆمەڵایەتی‌و کولتورییەکەیدا، لەڕێگەی ڕەفتـارە ناواژەییەکان (لە نیشانەو هێماو دەربڕینەکانی ڕووخسارو زمانی جەستەو جۆری کردەوەکان) کە هەسـتەکانی نـاخی مرۆڤـی ڕونـترو وردتر پێ دەردەبڕێـت بۆ بەرامبەر. (زايتلن، 1989: 317)

ژیانی خێزانی لەڕوانگەی ئەم تیۆرەوە بریتییە لەتۆڕێکی ئاڵۆز لەپێکهاتەی کارلێککردن‌و هەستدانەوەو هەڵسـەنگاندنی کـۆمەڵایەتی نێوان ئەو تاکانەی خێزانیان پێکهێناوە لەژینگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا، ئەندامانی خێزان لەڕێگەی بەکارهێنانی هێماو نیشانەو ڕەفتارەکانەوە کارلێك دەکەن، لەدەرئەنجامی تێگەیشتنیان بەپێی ئەو مانـاو کولتـورەی فێـر بـوون لەژینـگە کۆمەڵایەتیەکەیـانەوەو، بەپێی ئەو ڕۆڵ‌و پێگەو پەیوەندییە درێژخایەن‌و بەردەوامەی تیایدان ئاشنان بەیەکتر و کاریگەریان دەبێت لەسەر یەکتر، بەئەرێنـی یان نەرێنی یەکتر هەڵدەسەنگێنن، بەپێی ئەو وێنە زهنیەی بەهۆی پێکەوە بوون‌و کارلێککردنی هێمایی‌و ناهێماییەوە بەرامبەر یەکتر بۆیان دروست بووە. (خولی، 1983: 125)

**3-2 تیۆری گەشەکردن (تنموی):** ئەم تیورە گونجانێك دروستدەکات لەنێوان تیورەکانی خێزانـدا، بەجۆرێـك لەخێـزان دەڕوانێـت کەیەکەیەکی کارلێککراوە، لەگەڵ ئەوەشدا تەنها کارلێك ناگرێتەوە، بەڵکو بازنەی ژیانی خێزانی دەگرێتەوە کە شێوازێکە بۆ بەراوردی پێکهاتەو ئەرکی هاوسەرگیری لە قۆناغە جیاوازەکانی گەشـەکردندا،تیوری گەشـەکردن پشـت دەبەسـتێت بە (گەشـەکردن و گـۆڕانی خێزان بە تێپەڕبوونی کات).لەلایەن (روانتری و سـوروکن و کیـرك باتریـك و جلیـك و دوفـال و رودجرز)باسـکراوە، ئیڤلـین دوڤـال evelyn duvall هەوڵیدا ئەم چەمکە ڕونتر بکاتەوە و ناوی نا بازنەی ژیانی خێزانی (family life cycle) پێکهاتووە لە هەشت قۆنـاغ بە مارەکردن و هاوسەرگیری دەست پێدەکات و بە مردنی یەکێکیان یان هەردووکیان کۆتایی دێـت، هەر قۆناغێـك بـارودۆخ و مەرج وگرنگی خۆی هەیە کە خێزان تیایدا پابەندە بەوڕۆڵ و بەرپرسیارێتییەی بـۆی دانـراوە، بـۆئەوەی ڕووبەڕوی قۆنـاغی تـازەو داهـاتوو ببێتەوە  و سەرکەوتن تیایدا سەرکەوتن بە قۆناغەکانی تر دەبەخشێت.(خولی،1983: 137)

**4-2تیوری ململانێ:** کارل مارکس لەزانا دیارەکانی ئەم ئاڕاستەیە، مارکسیەکان سەیری خێزان ناکەن وەکو خەسـڵەتێکی کـۆمەڵگەی مرۆیی، بەڵکو لەچوارچێوەی کۆمەڵگەی سەرمایەدارییەوە شیکردنەوەی بـۆدەکەن، فردریـك ئینگلـز پێیـوایە نـاکۆکییە خێزانییەکـان

لەنێوان ژن و مێردد یاخود باوان و منداڵاندا شتێکی ئاساییەو بەهۆی نایەکسانییەوە لە ئەرك و مافدا ڕوودەدات، پێیانوایە خێزان نییە بێ ناکۆکی ، هەتا ئەگەر ماوەیەك خێزان ناکۆکی تێدا نەبێت مانای بەختەوەری نییە، بەڵکو کاتییەو دواتر ناکۆکییەکانی دەردەکەوێت، ئەم تیورە جیاوازی و ناکۆکی لە خێزاندا بە ئەرێنی دادەنێت، چونکە هۆکارێکە بۆ پاك بونەوەی پێکهاتەی خێزان و بەتاڵکردنەوەی ناکۆکییەکان و بەرگەگرتنی بارودۆخە ئاڵۆزەکان، بە بەکارهێنانی ووشەی زبر دەستپێدەکات و بەتوندو تیژی جەستەیی کۆتای دێت. جەخت دەکاتەوە لەسەر پارەو دەسەڵات و سامان و کێبرکێ وەك سەرچاوەی ململانێ، ڕێکەوتن و گونجان بەهۆکار دەزانن بۆزاڵ بوون بەسەر پرۆسەی ململانێ لە خێزاندا(عمر،1999: 44)

لەڕوانگەی ئەم تیۆرانەوە چەندین هۆکاری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی پەیوەندی نێوان دایك و باوکی جیابوەوە کاریگەری هەیە لەسەر منداڵ وەکو هێماو ئاماژەو نیشانە، وەهەموو ڕەفتارە واژەیی و ناواژەییەکان و هەستدانەوەو چۆنێتی مامەڵەو هەڵسەنگاندنیان بۆیەکتر، هۆکارێکە بۆ ئەوەی منداڵەکان لە حاڵەتی وێڵ بووندا بژین، ڕوبەڕوی دووپەروەردەیی و لاوازی پەیوەندییەکانیان دەبن بە خزم و کەسە نزیکەکانیانەوە، بەهۆی ئەو ڕەفتارە نادروستەی زۆرجار لەدایك و باوکیانەوە دەیبینن لەکاتی پێدان و وەرگرتنەوە منداڵ لە شوێنی بینینی منداڵ و جێژوانی خێزانیدا، بەو هۆیەوە بەها باڵاکان و پرەنسیپە ڕەفتارییەکان لای منداڵ لەرزیو دەبێت، لە ئاکامدا منداڵ دووچاری باری دەرونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی شڵەژاوو نائارام دەکاتەوە کاریگەری دەبێت لەسەر هاوسەنگی کەسی و خۆگونجاندنی منداڵ لەگەڵ ژینگەکەی و بێزاری و بێ متمانەیی و لاوازی پەیوەندییەکانی و زۆربونی گومان و ڕق لە کەسی بەرامبەرو دورکەوتنەوەی لەکۆمەڵگە، ئەو ئەزمونە تاڵانە لای منداڵ دەچەسپێت بەتایبەتی تاکو قۆناغی پێنج ساڵی منداڵیان، هەروەك دەرونناسەکان ئاماژەیان پێداوە، کە داڕێژەری بنەمای کەسێتی مرۆڤە لە ئایندەدا، گۆڕینی ئاڕاستەو هزری نەرێنی وپەروەردەی نادروست ئەرکی پەروەرشیارو بەخێوکەر زەحمەتتر دەکات لە ئایندەدا، چونکە زۆربەیان خەمۆك و ترساوو بێزارن، چونەتە دنیای ململانێی گەورەکانەوە، بەپێی ئەمەش خێزان ڕۆڵی وەزیفەی خراپ دەبینێت و ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر سستمی کۆمەڵایەتی گشتی، لەهەمان کاتدا پێچەوانەی بەرژەوەندی منداڵ و مەبەستەکانی شەریعەتە لە پێکهێنانی خێزان و پەروەردەی منداڵدا. هەربۆیەش لە ئاینی ئیسلامدا هەوڵ دراوە کیشەکانی نێوان هاوسەران تا بتوانرێت چارەسەر بکرێت و پەنا نەبرێت بۆ جیابونەوە مەگەر هیچ دەرفەتێکی چاکسازی و پێکەوە ژیان نەمابێت، هەروەك خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: {وإن خفتم شقاق بينهما فابعثوا حكما من أهله وحكما من أهلها إن يريدا إصلاحا يوفق الله بينهما إن الله كان عليما خبيرا} (النساو 35) واتە:ئەگەر ترسان لەوەی نێوان ژن و مێرد بشێوێت و کێشەکەیان چارەسەر نەکرێت، ئێوە کەسێکی دیندارو دادوەر لەخزمانی پیاوەکەو ژنەکە بنێرن بۆلایان بۆ چارەسەری کێشەیان و ڕێکخستنەوەیان،بێگومان ئەگەر چاکسازی و ڕێکخستنیان بوێت،خوای گەورە نێوانیان ڕێکدەخات و دەگەنە ئەنجامێکی باش،چونکە خوای گەورە زاناو ئاگایە بەناخ و کرداری بەندەکانی(ئەمین،2012: 128)

بەهەمان شێوە دەفەرموێت: {وإن امرأه خافت من بعلها نشوزا أو إعراجا فلا جناح عليهما أن يصلحا بينهما صلحا والصلح خير} (النساء: 128) واتە:ئەگەر ئافرەتێك ترسی ئەوەی هەبوو مێردەکەی مامەڵەی زبر بێت لەگەڵیدا و لوتەلابوو لێی، ئەوە گوناهیان ناگات،ئەگەر دانیشن و گفتوگۆ بکەن لەسەر هەندێ شت ڕێکەون،تا نێوانیان خراپتر نەبێت و نەگاتە جیابونەوە،بێگومان ڕێکەوتن و تەبایی شتێکی زۆرچاك و پەسەندە.(ئەمین،2012: 150)

هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: {وعاشروهن بالمعروف فإن كرهتموهن فعسى أن تكرهوا شيئا ويجعل الله فيه خيرا كثيرا} (النساء: 19) واتە: لەگەڵ هاوسەرانتاندا بە باشترین و جوانترین و شیاوترین شێوە ژیان ببەنەسەر، خۆ ئەگەر پیاوان هەندێك جار هەستتان بە خۆشنەویستنی هاوسەرەکانتان کرد ئەوە نزیکە و دەکرێت ئێوە شتانێکتان پێ ناخۆش بێت بەڵام خودا خێری زۆری تێدا دانابێت بۆ ئێوە. هەندێك لە ڕاڤەکارانی قورئان ئەم خێرە زۆرەیان بە منداڵ ڕاڤەکردووە، وتویانە ئەمە ڕای پێشەوا عبدالله ی کوڕی عباسیش بووە. (تەفسیری النکت والعیون، الماوردی 466/1) کەواتە بوونی منداڵ دەبێت پاڵنەربێت بۆ مانەوەی هاوسەران و چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

**3 - کێشە کۆمەلایەتیو دەروونیو ڕەفتارییەکانی منداڵ دوای جیابونەوەی دایكو باوك :**

جیابوونەوە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیەو بەڕێژەی جیاواز لەتەواوی کۆمەڵگەکاندا بوونی هەیە، کێشەکە جێگەی نیگەرانی زیاترە بۆ ئەو خێزانانەی منداڵیان هەیە، لەبەرئەوەی لەنەبوونی ژیانی خێزانیو پێکەوە نەبوونی دایكو باوکدا (ئایا جیابونەوە بێت یان مردنی یەکێکیان) زۆرترین نارەحەتیو نیگەرانی ڕووبەڕوی منداڵ دەبێتەوە، ئەگەر ئەم نەبوونە هۆکارەکەی جیابوونەوەی دایكو باوك بێت کاریگەریە نەرێنییەکەی زیاترە لەسەر منداڵ، چونکە منداڵ تووشی شۆك دەبێت لەڕووی مانای هەست بەئارامیو

ئاسایش‌و پارێزگاری‌و جێگیربوون‌و، ده‌بێته‌ هۆی له‌ده‌ستدانی متمانه‌ی منداڵ به‌هه‌ریه‌ك له‌ژن‌و پیاو له‌فكریدا، به‌هۆی ئه‌و مامه‌ڵه‌و هه‌ڵسوكه‌وته‌ خراپانه‌ی منداڵ بینویه‌تی له‌دایك‌و باوكییه‌وه‌ به‌رامبه‌ر یه‌كتر له‌كاتی جیابونه‌وه‌یانداو، ناشیرینكردنی وێنه‌ی یه‌كتر لای منداڵ، به‌مه‌ش منداڵ ئه‌زموونێكی خراپ وه‌رده‌گرێت له‌ژیانیداو، ده‌گه‌ڕێت به‌دوای ناوه‌ندێكی تازه‌دا بۆ قه‌ره‌بووكردنه‌وه‌ی ئه‌و ئه‌زموونه‌ خراپانه‌ی بینیویه‌تی له‌بارودۆخی پێشوویدا، له‌وانه‌یه‌ ڕووبه‌ڕووی هاوڕێی خراپ‌و لادان ببێته‌وه‌، چونكه‌ هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌ی خێزان هۆكاری یه‌كلاكه‌ره‌وه‌ی لادانی هه‌رزه‌كاره‌( نخبه من المتخصصين، 2009: 354).

ژیانی كۆمه‌لایه‌تی منداڵ به‌ره‌و خراپی ده‌ڕوات له‌حاڵه‌تی جیابوونه‌وه‌ی دایك‌و باوكدا، به‌هۆی بێبه‌شبوونی له‌چاودێرییه‌كی ته‌واو كه‌ پێداویستییه‌ ده‌رونییه‌كانی تێر ببێت، هه‌روه‌ها له‌مامه‌ڵه‌ كردن له‌گه‌ڵ تاكه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌دا ڕووبه‌ڕووی شه‌رم‌و بێئومێدی‌و ڕووخاوی ده‌بێته‌وه‌، هۆكارێكه‌ بۆ هاوڕێیه‌تی هاوڕێی خراپ‌و ڕاكردنی له‌خوێندن‌و گرنگی پێنه‌دانی، زۆرجاریش له‌وانه‌یه‌ ئالوده‌ی مادده‌ هۆشبه‌ره‌كان بێت، یاخود ڕووبه‌ڕووی سواڵكردن بێته‌وه‌، یاخود منداڵی سه‌رجاده‌ی لێدروست ده‌بێت. (سلامه، 2007: 105 – 106)

له‌و كێشه‌ ده‌روونیانه‌ی به‌هۆی جیابوونه‌وه‌وه‌ ڕووبه‌ڕووی منداڵ ده‌بێته‌وه‌، بێبه‌شبوونیه‌تی له‌سۆزی یه‌كێك له‌دایك‌و باوك، ئه‌مه‌ش كارده‌كاته‌ سه‌ر ته‌ندروستی ژیری‌و ده‌روونی منداڵ، له‌زۆركاتدا ڕه‌نگه‌ منداڵ تووشی نه‌خۆشی سایكۆسوماتی(ده‌رون جه‌سته‌یی) بێته‌وه‌، له‌ده‌رئه‌نجامی ئه‌و فشارو باره‌ ده‌روونییه‌ شڵه‌ژاوه‌ی جیابوونه‌وه‌ بۆی دروست كردووه‌.

جیابوونه‌وه‌ ئه‌زموونێكی ناڕه‌حه‌ت‌و بێزار كه‌ره‌و هۆكارێكه‌ بۆ نه‌خۆشییه‌ ژیرییه‌كان لای منداڵ، و به‌ربه‌سته‌ بۆ چالاكییه‌ یارییه‌كان‌و په‌یوه‌ندییه‌كانیان له‌گه‌ڵ ده‌روبه‌ردا، چونكه‌ منداڵ له‌ژێر كاریگه‌ری فشاری ده‌وروبه‌رو خێزانیشدایه‌ له‌هه‌مان كاتدا(العيسوى، 2009: 171) منداڵ له‌ناو خێزاندا فێری زۆر دیسپلین‌و چوارچێوه‌ی كۆمه‌ڵایه‌تی‌و ئه‌و ڕه‌فتارانه‌ ده‌بێت كه‌ قبوڵكراوه‌ له‌كۆمه‌ڵگه‌دا، به‌هۆیانه‌وه‌ ئاماده‌ ده‌كرێت بۆ مامه‌ڵه‌كردن له‌گه‌ڵ كه‌سانی تر له‌ده‌ره‌وه‌ی خێزان، به‌تایبه‌تی باوك پێگه‌ی تایبه‌تی خۆی هه‌یه‌، چونكه‌ وه‌كو پێشه‌نگێكی ئه‌ندامانی خێزانه‌.

زۆربه‌ی توێژه‌ران دۆزیویانه‌ته‌وه‌ كه‌ بێبه‌شبوون له‌خێزان ده‌بێته‌ هۆی زۆربوونی تێكڕای كێشه‌ ڕه‌فتارییه‌كان‌و نزمبوونه‌وه‌ی ئاستی چاره‌سه‌ری كێشه‌ لای منداڵ، چونكه‌ منداڵی بێبه‌ش له‌دایك یان باوك هه‌ست به‌نه‌بونی ئاسایش‌و ترس‌و دڵه‌ڕاوكێ‌و متمانه‌ به‌خۆنه‌بوون ده‌كات.

خێزانی پێكهاتوو له‌دایك‌و باوك پێشكه‌وتوو ترین دامه‌زراوه‌ی كۆمه‌ڵایه‌تییه‌ بۆ په‌روه‌رده‌كردنی تاكه‌كان، بێبه‌ش بوون له‌چاودێری خێزانی به‌هۆی نه‌بونی یه‌كێك له‌دایك‌و باوك، ده‌بێته‌ كه‌ڵه‌كه‌ بوونی كێشه‌ی ده‌روونی‌و ڕه‌فتاری‌و كۆمه‌لایه‌تی لای منداڵ، كێشه‌ی ڕه‌فتاری وه‌كو ڕه‌فتاری خراپ‌و ده‌مارگیری‌و كێشه‌كانی په‌یوه‌ست به‌كه‌سانی نزیك له‌خۆی‌و زۆربوونی جوڵه‌، كه‌ كۆمه‌ڵێك ڕه‌فتاری نائاسایی‌و نه‌ویستراون كه‌ له‌منداڵدا به‌هۆی فشاری كۆمه‌ڵگه‌و بێ به‌شبوون له‌ میهره‌بانی‌و سۆزی خێزان دروست ده‌بن، كه‌ به‌پێی پێوانه‌و تێڕوانین‌و تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی ئه‌و كۆمه‌ڵگه‌یه‌ ئه‌و منداڵانه‌ كێشه‌ی ڕه‌فتارییان هه‌یه‌. ئه‌م جۆره‌ منداڵانه‌ تووشی نزمی ئاستی تێگه‌یشتن‌و، كه‌م‌و كورتی له‌گرنگی دان به‌ژیانی گشتی‌و، گرنگیدانی وانه‌ی كرداری به‌سه‌ر وانه‌ی تیۆریدا، پشت به‌ هه‌سته‌كانیان ده‌به‌ستن له‌به‌ده‌ستهێنان‌و وه‌رگرتنی زانیاریدا، كێشه‌یان لاوازی به‌ده‌ستهێنانی خوێندن‌و گوێگرتنێكی باشه‌، پێویستیان به‌گرنگی پێدانی زیاتره‌ له‌لایه‌ن چاودێری كارانیانه‌وه‌. (أسماعيل، 2009: 13 – 15)

له‌جۆره‌كانی كێشه‌ ڕه‌فتارییه‌كان ( ڕه‌فتاری خراپ، شه‌ڕه‌نگێزی، جنێودان‌و گاڵته‌پێكردن، ئینكاری‌و یاخی بوون، توڕه‌یی، دزی‌و درۆ، گۆشه‌گیری كۆمه‌ڵایه‌تی). له‌كێشه‌ سۆزدارییه‌كانیش (ترس، دڵه‌ڕاوكێ، شه‌رم).

دیاره‌ زۆرێك له‌م كێشه‌و گرفتانه‌ دوای جیابوونه‌وه‌ی ژن ومێرد ڕووده‌ده‌ن بۆیه‌ وه‌ك پێشتر ئاماژه‌مان پێدا ئاینی ئیسلام جه‌خت له‌سه‌ر چاره‌سه‌ری كێشه‌كان وئاشتبونه‌وه‌و مانه‌وه‌ی په‌یوه‌ندی نێوان ژن ومێرد ده‌دات، چونكه‌ له‌مانه‌وه‌یاندا پێكه‌وه‌ زۆرترین مافی منداڵ ده‌سته‌به‌ر ده‌كرێت و په‌روه‌رده‌ی گونجاوتر ده‌بێت، چونكه‌ له‌ ژیانی هاوبه‌شدا بڕیاره‌كان به‌ ڕه‌زامه‌ندی هه‌ردولاو پاش دڵنیابوون له‌ پاراستنی به‌رژه‌وه‌ندی منداڵه‌كه‌ ده‌درێن، بۆیه‌ سه‌یرده‌كه‌ین قورئانی پیرۆز ڕه‌زامه‌ندی دایكو باوك پێكه‌وه‌ پاش وتووێژو ڕاوێژی نێوانیان ده‌كاته‌ مه‌رج بۆ بڕیاری له‌شیر بڕینه‌وه‌ی منداڵ پێش ته‌مه‌نی دوو ساڵ، وه‌ك ده‌فه‌رموێت: {فإن أرادا فصالا عن تراج منهما وتشاور فلا جناح عليهما} (البقره: 233). له‌ لایه‌كی دیكه‌وه‌ هۆكارێكی دیكه‌ی په‌روه‌رده‌ی ناته‌ندروستی منداڵ دوای جیابونه‌وه‌ی ژن ومێرد هه‌وڵدانی هه‌ر كامیانه‌ بۆ ناشیرینكردنی ئه‌وی دی لای منداڵه‌كان و خزم و دۆست و ناسراوان، ئه‌م زه‌م كردن و خراپ باسكردنه‌ش لای منداڵ كاریگه‌ری خراپ جێ ده‌هێڵێت و واده‌كات منداڵه‌كه‌ له‌ڕوی ده‌رونیه‌وه‌ گرفتی بۆ دروست ببێت و هاوكات گیانی شه‌ڕه‌نگێزی و حه‌زكردن به‌ تۆڵه‌سه‌ندنه‌وه‌ی لا گه‌شه‌ بكات، بۆ ڕێگری كردن

لەم هەنگاوە هەڵەو ترسناکەش ئاینی پیرۆزی ئیسلام قەدەغەی کردووە مرۆڤەکان یەکدی لەکەدار بکەن و پاشملە باسی یەکدی بکەن و هەوڵی ناوزڕاندنی یەکتر بدەن، لەباسی ژن ومێردیش دا قورئانی پیرۆز نەك تەنها ئەمانەی قەدەغەکردووە بەڵکو فەرمان دەکات بە ژن ومێرد کە پاش جیابونەوەشیان چاکەو باشیەکانی یەکدی لەبیرنەکەن! وەك دەفەرموێت: {ولا تنسوا الفضل بينكم} (البقرە: 237) بۆیە ئەگەر دایکو باوکی منداڵەکە پاش جیابوونەوەیان تەنها ئەم دەقە قورئانیە جێ بەجێ بکەن و هەندێك جار باسی صیفەتە باشەکانی بەرانبەر بۆ منداڵەکانیان بکەن بێگومان کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر ئاسودەیی دەرونی منداڵەکەو مراندنی تۆوی ڕق وکینە تێیدا.

**4 -مافی بینینی منداڵ لە شەریعەت و لەیاسادا:**

مافی بینین لەو مافانەیە کەیاسا دانەری زاناو دانا داینابوو بۆ دایكو بەرپرسی منداڵ لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی منداڵو پەروەردەکردنێکی دروستدا. ئەمەش تەنها سەیرکردن نییە، بەڵکو هاوکاری کردن و بەدواداچوونی پەروەردەی منداڵە. ڕێگرتنی بینینی منداڵیش لەلایەن بەخێوکەر (حاضن) بۆ (غیر حاضن) لەشەرعدا، بەتایبەت کاتێك زیانی بۆ منداڵو دایكو باوك هەبێت قەدەغەکراوە، بەڵکو مافی بینین واجبە لەڕووی شەرعەوە،وە پێویستە لەکات و شوێنی بینیندا بەرژەوەندی منداڵ بەهەند وەربگیرێت و ئادابی کۆمەڵایەتی و مەبەستەکانی شەریعەت لەبەرچاو بگیرێت، لەکاتی مومارەسەکردنی ئەم مافەدا ئەگەر باوك نەبوو پێویستە باپیر ببینێت، بەفەرمودەی خودا {ويقطعون ما أمر الله به أن يوصل} البقرە: 27، مەبەست پاراستنی پەیوەندی خزمایەتیە، هەورەها بینینی منداڵیش جۆرێکە لەسیلەی ڕەحم و واجبە لەڕووی شەرعەوە، نەبینین بە (عقوق) دادەنرێت، چونکە سەردان نەکردن (عقوقە) عقوقیش قەدەغە کراوەو وازلێهێنانی واجبەو کردنی حەرامە. لەم ئایەتە پیرۆزانەشدا ئەم بابەتە زیاتر ڕوون دەبێتەوە:

1/ { وأولو الأرحام بعضهم أولى ببعض في كتاب الله} (الأنفال: 75) ئەوانەی خزمی یەکترن هەندێکیان (بۆ میرات گرتن) شایستەترن بەهەندێکی تریان، لەکتێبی خوادا (قورئان)( صالح،2004: 186).

2/ {يا أيها الذين آمنوا قوا أنفسكم وأهليكم نارا وقودها الناس والحجاره عليها ملائكة غلاظ شداد لا يعصون الله ما أمرهم ويفعلون ما يؤمرون} (التحریم: 6) ئەی ئەوکەسانەی ئیمانو باوەڕتان هێناوە خۆتانو کەسو کارتان بپارێزن لە ئاگرێك کە سوتەمەنیەکەی خەڵكو بەردە، جا سەرپەرشتیارانی دۆزەخ جۆرە فریشتەکەین زۆر دڵ ڕەقو بەهێزو توندوتیژن، لەهەمان کاتدا بەهیچ شێوەیەك نافەرمانی خوای گەورە ناکەنو هەر فەرمانێکیان پێ بدرێت دەستبەجێ ئەنجامی دەدەن. (ئەمین،2012: 856)

3/ {لا تضار والده بولدها ولا مولود له بولده وعلى الوارث مثل ذلك } (البقرە: 233)

هیچ دایکێك نابێت زیانی پێ بگەیەنرێت بەهۆی منداڵەکەیەوە، هەروەها باوکیش نابێت زیانی پێ بگەیەنرێت بەهۆی منداڵەکەیەوەو لێی بشاردرێتەوە، یاخود لەمیراتی بێ بەش بکرێت، بێگومان لەسەر میرات بەرانیشە ئەو ئەرکانە بگرنە ئەستۆ، ئەگەر باوکەکە مرد لەسەر میراتگرە. (ئەمین،2012: 58).

لەم ئایەتە پیرۆزەدا بە ئاشکرا فەرمانکراوە بە پاراستنی مافی منداڵ بە جۆرێك کە ناکۆکی نێوان ژن و مێرد پاش جیابونەوەیان نابێت لەسەر مافی منداڵ بێت و بە هیچ شێوەیەك ڕێگەنادرێت لەبەر ڕق و کینەی نێوان خۆیان زیان بە منداڵەکانیان بگەیەنن، چونکە هەرچەند ئەوان ببنە بێگانەی یەکدی بەڵام هەر دایك و باوکن بۆ منداڵەکە. هەر بۆیەش لە ئایەتەکەدا نەیفەرمو منداڵ بەڵکو بۆ هەردوکیان – دایك و باوکیش- فەرموی منداڵەکەی، تا زیاتر سۆزیان بجولێت و بە ئاگابن کە پێش و دوای جیابونەوەش پەیوەندیان لەگەڵ منداڵ دا هەر دەبێت وەك یەك بێت.

4/ { ويقطعون ما أمر الله به أن يوصل } (البقرە 27) هەر پەیوەندییەکیش خوای گەورە فەرمانی دابێت بەبەستنو تۆکمەکردنی، ئەوان دەیپچڕێنن. ئەوانە زەرەرمەندو خەسارەتمەندن لەهەردوو جیهاندا.(ئەمین،2012: 8)

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ئایەتە پیرۆزانەوە مەبەستەکانی شەریعەت لە بینین دا بریتین لە :

1.پیرۆزی پەیوەندی یەکەمی ( پەیوەندی خوێن و خزمایەتی)، هۆکاری پێکەوەبوون و بەهێزی پەیوەندی نێوان خزم و کەسوکارە، پەیوەندی باوان و منداڵیش بەهێزترین جۆری پەیوەندییە تیایدا، پێویستە بەردەوام بێت.

2.مەبەست لە بینین، چاودێری و هاوکاری منداڵە، لە پێناو پەروەردەیەکی دروست و پاراستنی لە ئایندەی خراپ.

3.بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پاراستنی پەیوەندییە خزمایەتییەکان، بەڕێکەوتنی نێوان دایك و باوکی جیابوەوە لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی منداڵ .

کەواتە مەبەستی شەریعەت لەبینیندا، پەروەردەکردنی دروستی منداڵ و پاراستنی سەرجەم مافەکانیەتی، لەڕێگەی هاوکاری کردنی بەخێوکاری منداڵ، و چاودێری کردنیەتی، لەهەمان کاتدا مافی دایك و باوکیشە تێربوون لەسۆزی دایکایەتی یان باوکایەتی، بەڵام لەمانەوەی (24)ی کاتژمێرو زۆر جار لەبینیندا پێچەوانەی ئەو مەبەستە شەرعیە ڕوو دەدات و بەزیانی منداڵ و پچڕانی پەیوەندییەکان و ململانێ کۆتایی پێدێت، و ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر منداڵ و (حاضن) و (غیر حاضن). چونکە پاڵنەری بینین و مانەوە زیاتر ڕق و تۆڵەسەندنەوەیە لەیەکتر بەبەکارهێنانی منداڵەکە.

شەرع مافی دایەنی داوە بەدایك ئەگەر گرفتێکی نەبو یان زەواجی نەکردبۆوە، ئەمە کۆدەنگی زانایانی لەسەرە. (المغنی، ابن قدامە 191/8). بەڵام ئەبێت (غیر حاضن) یش قەدەغە نەکرێت لەبینینی منداڵ. بینین پاراستنی هەستی نێوان باوانو منداڵەو چاودێری ئەو ئەمانەتەیە کەخوا پێیانی بەخشیوەو پاراستنی سیلەی ڕەحمیشە، بەڵام ئەگەر ئەم مەبەستە نەهاتەدیو لەبەرژەوەندی دایەنکراودا نەبوو پێویستە بەرژەوەندی منداڵ لەبەرچاوبگیرێت، کەواتە بنەمای بینین کەمکردنەوەی زیانە لەسەر ژیانی منداڵ. (المحامید،2006: 35)

بەپلەی یەکەم بینین بۆ پاراستنی بەرژوەندی منداڵە دواتر دایكو باوك، پێویستە ئەو کەسەی مافی بینینی هەیە عاقڵو پێگەیشتوو ئەمین بێتو توانای پاراستنو پەروەردەکردنی منداڵی هەبێت.، و هەوڵ بدات بەرژەوەندی منداڵ بپارێزێت، ئەبێت دایەنکراو نەترسێت لەفڕاندنی منداڵەکە لەلایەنی بەرامبەر، نابێت غیر حاضن دایەن ئازار بداتو هەڕەشەی لێ بکات، هەروەها بەرپرسە لەمنداڵ لەماوەی بینینەکەیدا،و پێویستە پابەند بێت بەکاتو شوێنی بینینەکەوە. لەئادابەکانی مافی بینین هاوکاری کردنی دایەن لەپەروەردەی منداڵو چاودێریکردنیو گەشەپێدانی هەستی باوکایەتیو دایکایەتی (الکبیسی، 2009: 349) چونکە دایەنێتی مافی دایکە پێش باوك، هەروەها مافی خزمی دایکە پێش خزمی باوك. ( أبو زهره، 1950: 474)، باوك مافی خۆیەتی منداڵەکەی ببینێت ئەگەر لای دایکی بێت، لەبەرئەوەی مافی پەروەدەکردنو فێربوونو ئاسودەیی لەسەرە، هەروەها مافی خۆیەتی بۆ تێرکردنی سۆزی باوکایەتی، لەهەمان کاتدا مافی منداڵیشە باوکی ببینێت، و پەیوەندی منداڵو باوكو سیلەی ڕەحم بمێنێت، بەهەمان شێوە بۆ دایکیش ئەگەر حاڵەتەکە پێچەوانە بوو. وە حیکمەتی زیاتر مانەوەی منداڵی کچ لای دایك ئەوەیە پێویستی بە فێربوونو زانینی ئادابی ژنانو ڕاهێنانە لەسەر کارەکانی ماڵ. (شعبان، 1989: 644)

مافی بینین ومانەوە لەیاساکەدا :

یاسای هەمواری دووەمی جێبەجێکردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (188)ی ساڵی 1959ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان – عێراق.

پەرلەمانی کوردستان- عیراق لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (11)ی ڕۆژی ( 20/ 5/ 2015) بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی داوە، پشت بەحوکمی برگەی (1) لەماددەی (پەنجاو شەش)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو.

ماددەی (1):

برگەی (4) لەماددەی (57)ی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (188)ی ساڵی 1959ی هەموار کراو لەهەرێمی کوردستان لەکار دەخرێتو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

أ/ هەریەك لەدایكو باوك مافی بینینو مانەوەی منداڵەکانیان هەیە لەپاش جیابونەوەو نەمانی پەیوەندی هاوسەرگیریو نەمانی یەکێکیان، ئەو مافە بنەچەکانیش دەگرێتەوە.

ب/ تەنها دایەنی منداڵ (باوك یان دایك) لەدوای نەمانی ئەوانیش ئەو کەسەی مافی دایەنی هەیە بەپێی یاسا بەرکارەکان سەرپەرشتی پەروەردەو فێرکردنو بواری کۆمەڵایەتی منداڵ تا تەمەنی (18) هەژدە ساڵ دەکات.

ج/ بینین لەماوەی شیرەخۆریدا لەمانگێکدا دووجار دەبێت، لەشوێنێك کە لەسەری ڕێك دەکەون، لەحاڵەتی ڕێك نەکەوتن، لەشوێنێك دەبێت کە دادگا بڕیاری لەسەر دەدات.

د/ لەپاش شیرەخۆری کاتو شوێنی مانەوە هەفتانە (24) بیستو چوار کاتژمێر بەسەریەکەوە دەبێت لەشوێنێك کە کەسی داواکاری بینین (غیر حاضن) دیاری دەکات بەپێی بەرژەوەندی دایەنکراو، پاش کۆتایی هاتنی بینینەکە دەبێت دایەنکراو بداتەوە بەدەستی دایەن، بەپێچەوانەوە تا مانگێك مافی بینینی نابێت.

ه/ ئەگەر دایەن ڕێگەی لەبینینی دایەنکراو گرت بەپێی یاسای ڕەوا لەلایەن جێبەجێکاری داد ئاگادار دەکرێتەوە، ئەگەر دووبارەی کردەوە بەپێی بڕیاری دادگای تایبەتمەند بۆ ماوەی مانگێك دایەنی دەگوازرێتەوە بۆ ئەو کەسەی کە بەپێی یاسای بەرکار ئەو مافەی پێدەدرێت.

و/ سەفەرکردنی دایەنکراو بۆ دەرەوەی وولات بەڕەزامەندی دایكو باوك دەبێت، لەکاتی نەمانیاندا کەسی دایەن بەپێی یاسا ئەو مافەی دەبێت، هەرلایەکیان سەفەریان پێ کرد دەبێت بەڵێننامەیەك بدات کە پابەند بێت بەگەڕانەوەی بۆ وولات.

ز/ ئەندامی داواکاری گشتی لەدادگای باری کەسیدا چاودێری بەچاکی جێبەجێکردنی بڕگەکانی سەرەوە دەکاتو لەکاتی بوونی سەرپێچیشدا ڕێکاری یاسایی پێویست وەردەگرێت.

هۆیەکانی دەرچوونی ئەم یاسایەش کە لەڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاوکراوەتەوە، دوای ئەوەی لە (5/20/ 2015) بڕیاری دەرچوواندنی دراوە، (لەپێناو پاراستنو فەراهەم کردنی مافەکانی منداڵو پێدانی دەرفەتی یەکسان بەباوكو دایك بۆ پەروەردەی منداڵەکانیانو، جێبەجێکردنی بنەماکانی شەریعەتو جاڕنامەو پەیماننامە نێو دەوڵەتیەکانی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤو مافی منالاَنو، چارەسەر کردنو کەمکردنەوەی دەرهاویشتە نەرێنییەکانی جیابوونەوەیە لەسەر منالاَن.

**5-چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە**

میتۆدی زانستی بۆ توێژینەوە یەکێکە لە پێویستیەکانی توێژینەوەی زانستی کە بەکاردەهێنرێت بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامی بابەتیو هێنانەدی ئامانجی توێژینەوە (عبدالباسگ (1982: 210).

لەبەرئەوەی سروشتی بابەت یان دیاردە یان کێشەی توێژینەوە کاریگەری هەیە لەسەر دیاری کردنی جۆری میتۆدی توێژینەوە، لەسەر ئەم بنەمایەش، بابەتی توێژینەوەکەمان ڕەهەندێکی دەروونیو کۆمەڵایەتیو ڕەفتاری لەخۆدەگرێت، لەپێناوی دەرخستنی ڕەنگدانەوە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکانی یاسای ژمارە (6)ی ساڵی (2015) لەسەر منداڵ میتۆدی وەصفی شیکاری بەکارهاتووە.

**5-1میتۆدی توێژینەوەکە:**

ڕێگەیەکە لە ڕێگەکانی راڤەکردن و شیکردنەوە بەشێوەیەکی زانستی ڕێکخراو لەپێناوی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو بۆ زانینی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو(کشرود ، 2007: 228).

لەم توێژینەوەیەدا وەك دەردەکەوێت میتۆدی وەسفی بەکارهاتوە لەبەر ئەوەی ئەم میتۆدەی پێویستی بە گریمانە نیە و هەوڵی زانینی پەیوەندی گۆڕاوێکە بە گۆڕاوێکی ترەوە. زیاتر لەوەش ئەم میتۆدە ئەو زانیارییە گرنگانە دەداتە توێژەر کە وێنەیەکی گشتی بابەتی توێژینەوەکە دەنەخشێنن. (عومەر، 2012)

هەروەها ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم میتۆدا لەلایەن توێژەرەوە تێگەیشتنی ئێستای ڕەنگدانەوە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکانی یاسای ژمارە (6)ی ساڵی (2015)ەیە لەسەر منداڵ.

**5-2کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەکە:**

مەبەست لە کۆمەڵگە: کۆمەڵگەیەکی گشتیە کە پێکدێت لە کۆمەڵە تاکێك یان دیاردەکان یان شتەکان، کە دەمانەوێت گشتاندنی دەرئەنجامی توێژینەوە کەی لەسەر بکەین (البطش و أبو زينە، 2007: 97).

مەبەست لە سامپڵی توێژینەوە: ڕێبازێکە بۆ هەڵبژاردنی ژمارەیەکی دیاریکراو لە کەسەکان یان شتەکان لە دانیشتوان) ( Mertens, 2005, p. 307) واتە دیاریکردنی هەلبژاردەیەك لە نمونە لەناو کۆمەڵگەیەکدا.

لەم توێژینەوەیەدا نمونەی مەبەستدار هەڵبژێردراوە، کە بە بۆچونی دەیڤس نمونەی مەبەستدار پێویستی بە وردەکاری هەیە تا نمونەکە دەستنیشان دەکرێت. (Davies, 2007). سامپڵی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (45) هاوسەری جیابوەوە، کە هەندێکیان منداڵەکانیان لایەو هەندێکیشیان منداڵەکانیان لانییە. سیفاتەکانی سامپڵی توێژینەوەکە لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

خشتەی (1)

سیفاتەکانی سامپڵی توێژینەوەکە

| گۆڕاوەکان | نیشاندەر | ژمارە | % |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 13 | 28.9 |
| | مێ | 32 | 71.1 |
| تەمەن | 18 – 27 | 2 | 4.4 |
| | 28 – 37 | 28 | 62.2 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | 38- 47 | 14 | 31.1 |
| | 48 – 57 | 1 | 2.2 |
| ئاستی خوێندن | نەخوێندەوار | 4 | 8.9 |
| | دەخوێنێت و دەنوسێت | 2 | 4.4 |
| | بنەڕەتی | 11 | 24.4 |
| | ئامادەیی | 4 | 8.9 |
| | پەیمانگا | 7 | 15.6 |
| | زانکۆ | 12 | 26.7 |
| | خوێندنی باڵا | 5 | 11.1 |
| ئاستی بژێوی | باش | 9 | 20 |
| | مام ناوەند | 29 | 64.4 |
| | خراپ | 3 | 6.7 |
| | زۆر خراپ | 4 | 8.9 |
| لایەن | بەخێوکەر | 32 | 71.1 |
| | لایەنی بەرامبەر | 13 | 28.9 |

**3-5ئامرازەکانی توێژینەوەکە:**

فۆرمی راپرسی یەکێکە لەئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، کۆمەڵێك پرسیارە کەلەلایەن لێکۆڵراوەوە وەڵامدەدرێتەوە بەبێ یارمەتی توێژەر (الحسن و الحسنی،1982).

لەم توێژینەوەیەدا فۆرمی راپرسیەکەمان لە (25) پرسیاری داخراو پێکهاتووە، کە پێش دابەشکردنی بەسەر سامپڵی توێژینەوەکەدا، دابەشکراوە بەسەر (5) پسپۆڕی بواری کۆمەڵناسیدا، بەمەبستی هەڵسەنگاندنی گونجاوی ئامرازی توێژینەوەکە بۆ جێبەجێکردن، پاش هەڵسەنگاندنی لەلایەن پسپۆڕانو دەرهێنانی ڕاستی بۆ ئامرازی توێژینەوەکە، ئەنجامی ڕاستی بڕگەکان ( 94.4 ) ئەمەش گونجاوی ئامرازی توێژینەوەکە نیشان دەدات.

هەروەها بۆ دڵنیا بوون لەجێگیری ئامرازی توێژینەوەکە، لەبەرنامەی ( S.P.S.S) یاسای (ئەلفا کرونباخ) بەکارهێنراو ئەنجامەکەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:

خشتەی (2)

بەهای (ئەلفا کرونباخ) بۆ جێگیری ئامرازی توێژینەوە

| ژمارەی بڕگەکان | بەهای (ألفا كرونباخ) |
|---|---|
| 52 | 62.4 |

بەوجۆرەی لەخشتەکەدا دیارە ئەنجامی (ئەلفا کرونباخ) بۆ جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە ( 62.4) ئەمەش گونجاوی ئامرازی توێژینەوەکە نیشان دەدات بۆ جێبەجێکردنی بەسەر سامپڵی توێژینەوەکەدا.

هەروەها چاوپێکەوتنو تێبینی کردن وەك ئامرازی توێژینەوەکە بەکارهێنراون، چاوپێکەوتن گفتوگۆیەکی ڕووبەڕوو واژەییە لەنێوان توێژەرو لێتوێژراو لەپێناو کۆکردنەوەی زانیاری لەڕێگەی دەربڕینی بیروڕاو ئاڕاستەو هەستو تێڕوانینو پاڵنەرو ڕەفتار(محمد، 1982: 336)، توێژەر ئەم ئامرازەی بەکارهێناوە لەگەڵ ژمارەیەك دادوەرو پارێزەرو منداڵو دایكو باوکی جیابووەوە.

تێبینیش لەئامرازە بنەڕەتی‌و گرنگەکانی کۆکردنەوەی زانیارییە، بریتییە لە بینین‌و چـاودێری ڕەفتـارو دیـاردەیەکی دیاریکراو(کشرـود، 179:) پشت دەبەستێت بەهەست‌و پرۆسە عەقڵییەکان لەکاتی بینینی ئەو بارودۆخەی لێتوێژراوی تیایە.(الحسـن و الحسـنی، 1982: 235) توێژەر لەسەرەتای ئەنجامدانی توێژینەوەکەی تا کۆتایی ئەم ئامرازەی بەکارهێناوە.

**3-5ئامرازو هۆکارە ئا مارییە بەکارهاتووەکان**

ڕێژەی سەدی بەکاردەهێنرێت بۆ زانینی ڕێژەی وەڵامدانەوەی یەکەکانی فۆرمی ڕاپرسیەکە و بەراوردکردنی نێوانیان، یاساکەشـی بەم شێوەیەیە:

یاساکان:

1. ڕێژەی سەدی

$$ڕێژەی\ سەدی = \frac{بەش}{گشت} \times ١٠٠$$ (طبیه، 2008، 27)

2. ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری

ناوەندە ژمێرەیی =

$$\bar{س} = \frac{مج\ س \times}{مج\ ن}$$

(م. بلالوك، 2000، 96)

لادانی پێوەری

$$ع = \sqrt{\frac{مج\ ح^{٢}}{ن}}$$

(م. بلالوك، 2000، 140)

3. تاقیکردنەوەی (T) بۆ یەك سامپڵ‌و دوو سامپڵ:

هاوکێشەی (T) بۆ یەك سامپڵ (one-sample T-test)

$$ت = \frac{م١ - م٢}{\frac{ع}{\sqrt{ن}}}$$

(الحسن‌و زینی، 1982، 175)

هاوکێشەی (T) بۆ دوو سامپڵ (Independent-sample T-tests)

$$ت = \frac{م١ - م٢}{\sqrt{\left[\frac{ن١ع١ + ن٢ع٢}{ن١ + ن٢ - ٢}\right]^{٢} \times \left[\frac{١}{ن} + \frac{١}{ن}\right]}}$$

(ملحم، 2002، 196)

4. شیکاری جیاوازی یەك ئاڕاستە (One Way Anova) و تاقیکردنەوەی شیفە (Scheffe Test)

| سەرچاوەی جیاوازی SV | کۆی ناوەندەژمێرەیی SS | نمرەکانی ئازادی Df | دووجای ناوەندەژمێرەیی MS | بەهای (ف) |
|---|---|---|---|---|
| لەنێوان کۆمەڵەکاندا | SSB= $\frac{T^2_k}{n_k} - \frac{\sum T^2}{N}$ | K- 1 | MSB= $\frac{SS_B}{K-1}$ | $\frac{MS_B}{MS_W}$ |
| لەناو کۆمەڵەکاندا | $\sum X^2_k - \sum \frac{T^2_k}{n_k}$ | N – K | MSW= $\frac{SS_W}{N-K}$ | |
| کۆی گشتی | SST = SSB+ SSW | N – 1 | | |

(أمین، 2007، 148)

**6- خستنەڕووی ئامانجەکان و گفتوگۆکردن**

ئامانجی یەکەم: دەرخستنی ئاسەوارە نەرێنی (سلبی)و ئەرێنی (إیجابی )ییەکانی جێبەجێکردنی یاساکە لەسەر لایەنی جێبەجێکراو: بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، لەفۆڕمی ڕاپرسیدا ئەو پرسیارانە دەست نیشان کراوە کە ئاماژەیە بۆ کاریگەری سلبی یاساکە، کە هەریەك لە پرسیارەکانی ژمارە (7، 10، 15، 19)ن ، پاشان دیاریکردنی ئەو پرسیارانەی ئاماژەن بۆ کاریگەرییە ئەرێنییەکانی یاساکە، کە هەریەکە لەپرسیارەکانی ژمارە (12، 13، 14، 18)ن، پاشان ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراوو ناوەندەژمێرەیی گریمانی بۆ هەریەکێکیان دەرهێنراوەو دواتر بەیاسای (one sample t.test) جیاوازی نێوان ئەم دوو ناوەندە دەرهێنراوە تابزانین یاساکە کاریگەری نەرێنیو ئیجابی هەیە یان نا، ئەنجامەکەشی لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:

خشتەی ( 3 )

دەرخستنی کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی یاساکە

| کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی | ناوەندەژمێرەیی هەژمارکراو | ناوەندەژمێرەیی گریمانی | لادانی پێوەری | بەهای (T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| کاریگەری ئەرێنی، پ(12، 13، 14، 18) | 13.11 | 4 | 3.009 | 20.31 | 0.000 |
| کاریگەری نەرێنی پ(7، 10، 15، 19) | 3.78 | 5 | 1.185 | 6.919 | 0.000 |

بەهای (T) ی خشتەیی بەنمرەی ئازادی (44)و ئاستی بەڵگەداری (0.05) = 2.01

بەو جۆرەی لەخشتەکەدا دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی بەهای (T)ی هەژمارکراو بۆ هەریەك لە کاریگەرییە ئەرێنیو نەرێنییەکان گەورەترە لەبەهای (T)ی خشتەیی، ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە یاساکە کاریگەری ئەرێنی و نەرێنیشی لەسەر منداڵ هەیە، کاریگەرییە ئەرێنییەکانی لەم خشتەیەدا ڕوونکراوەتەوە:

خشتەی ( 4 )

کاریگەرییە ئەرێنییەکانی یاساکە

| کاریگەرییە ئەرێنییەکانی | بەڵێ | % | نەخێر | % |
|---|---|---|---|---|
| پڕکردنەوەی پێویستی دەروونی منداڵ | 21 | 46.7 | 24 | 53.3 |
| پڕکردنەوەی پێداویستی سۆزداری منداڵ | 21 | 46.7 | 24 | 53.3 |
| چەند منداڵ ئارام دەکاتەوە | 22 | 48.8 | 23 | 51.1 |
| چەند دەبێتە هۆی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی دایک و باوک | 13 | 28.9 | 32 | 71.1 |

وەك لەخشتەکەدا دیارە لەکۆی ( 45) کەس (24) کەس پێیان وایە کە یاساکە بەهیچ جۆرێك پێداویستی منداڵ لەڕووی دەروونییەوە پڕناکاتەوە، هەروەها (21) کەس پێیان وایە کە پێداویستی منداڵ لەڕووی دەروونیەوە پڕ دەکاتەوە، بەڵام بەڕێژەی جیاواز، تەنیا (3) لێتوێژراو پێیان وایە کە بەتەواوی پڕی دەکاتەوە، و (7) لێتوێژراو پێیان وایە زۆر پڕیدەکاتەوە، بەڵام (11) لێتوێژراو پێیان وایە، کە بەڕێژەیەکی کەم پێداویستیە دەرونییەکانی منداڵ پڕدەکاتەوە.

لەڕووی سۆزداریشەوە، (24) لێتوێژراو پێیان وایە کە بەهیچ شێوەیەك یاساکە پێداویستی منداڵ پڕناکاتەوە، بەڵام (21) لێتوێژراو پێیان وایە کە پێداویستییە سۆزدارییەکانی منداڵ پڕدەکاتەوە بەڵام بەڕێژەی جیاوزو بەم شێوەیە، تەنها (5) لێتوێژراو پێیان وایە بەتەواوەتی، و(3) لێتوێژراو پێیان وایە (زۆر) و (13) لێتوێژراو پێیان وایە کەم پێداویستی سۆزداری منداڵ پڕدەکاتەوە.

لەلایەنی هەڵچوونیەوە (23) لێتوێژراو پێیان وایە جێبەجێکردنی یاساکە بەهیچ شێوەیەك لەڕووی هەڵچوونیەوە منداڵ ئارام ناکاتەوە، بەڵام (22) لێتوێژراو پێیان وایە تاڕاددەیەك منداڵ ئارام دەکاتەوە، ئەویش بەڕێژەی جیاواز، تەنها (2) لێتوێژراو پێیان وایە بەتەواوەتی، و (6) لێتوێژراو (زۆر) و (14) لێتوێژراو پێیان وایە بەڕێژەیەکی کەم منداڵ ئارام دەکاتەوە.

بیروڕای لێتوێژراوان لەسەر کاریگەری یاساکە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندی دایكو باوك بەم جۆرەیە، (32) لێتوێژراو پێیان وایە بەهیچ شێوەیەك کاریگەری نییە، و (13) لێتوێژراو پێیان وایە کاریگەری هەیە لەئاسایی کردنەوەی پەیوەندی دایكو باوك بەڵام بەڕێژەی جیاوازو کەم، (5) لێتوێژراو پێیان وایە (زۆر) و (7) لێتوێژراو پێیان وایە (کەم) و (1) لێتوێژراو پێیان وایە زۆر کەم دەبێتە هۆی ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوان دایكو باوکی جیابوەوە. (پاشکۆی (4))

دەربارەی کاریگەرییە نەرێنیەکانی جێبەجێکردنی یاساکە لەسەر منداڵ، کە هەریەك لە پرسیارەکانی (9، 11، 15، 20) نیشانی دەدەن، لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:

خشتەی ( 5 )

کاریگەرییە نەرێنییەکانی یاساکە

| کاریگەرییە نەرێنییەکان | دووبارەبونەوە | ڕیزبەندی | % |
|---|---|---|---|
| ترس | 36 | 1 | 80 |
| شەڕەنگێزی | 32 | 2 | 71.1 |
| قسەگێڕانەوە | 30 | 3 | 66.7 |
| دەست تێوەردانی ژیانی منداڵ | 27 | 5 | 60 |
| قسەهینان و بردن | 23 | 4 | 51.1 |
| خەمۆکی | 17 | 6 | 37.8 |
| دووڕوویی | 15 | 7.5 | 33.3 |
| بێدەنگ بوون | 15 | 7.5 | 33.3 |
| پەرتەوازەیی هۆش | 14 | 9 | 31.1 |
| بێزاری | 13 | 10 | 28.9 |
| دڵەراوکی | 12 | 12 | 26.7 |
| گۆشەگیری | 12 | 12 | 26.7 |
| توڕەیی و توندوتیژی | 12 | 12 | 26.7 |
| درۆکردن | 11 | 14.5 | 24.4 |
| تۆڵەسەندنەوە | 11 | 14.5 | 24.4 |
| نائومێدی | 7 | 16 | 15.6 |
| هەست بەکەمی | 6 | 17.5 | 13.3 |
| ملکەچبوون | 6 | 17.5 | 13.3 |
| هەڵهاتن | 4 | 19 | 8.9 |
| خەم ساردی | 2 | 20 | 4.4 |

بەپێی خشتەکە کاریگەرییە نەرێنیەکانی جێبەجێکردنی یاساکە لەسەر منداڵ دەبێتە هۆی دروست بوونی ئەو بارە دەروونییە نەرێنییانەی لەخشتەکەدا خراوەتەڕوو بەڕێژەی جیاواز، وەك دیارە هەریەك لە (ترس، شەڕەنگێزی، قسەگێڕانەوە، دەستێوەردانی ژیانی منداڵ، قسە هێنانو بردن) لەڕیزبەندی یەکەمی کاریگەرییە نەرێنیەکاندا دەرکەوتوون لەسەر منداڵ، لەگەڵ ئەوەشدا (نائومێدی، هەست بەکەمیو ملکەچ بوون، و هەڵهاتنو خەمساردی) بەڕێژەی کەمتر لەسەر منداڵەکان دەرکەوتوون، بەهۆی جێبەجێکردنی یاساکەوە.

ئامانجی دووەم: دەرخستنی کاریگەریی هاوسەرگیری دووەمو دروست بوونی کێشە بۆ منداڵی هاوسەرگیری یەکەم، لەکاتی مانەوەی (24) کاتژمێر لەلای ئەو لایەنەی هاوسەرگیری دووەمی کردۆتەوە: بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجەش ڕێژەی سەدی بەکارهێنراو ئەنجامەکەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:

خشتەی (6)

هاوسەرگیری دووەم دروست بوونی کێشە بۆ منداڵ

| لە ئەگەری بوونی هاوسەری دووەم کام لەم ڕەفتارانە تووشی منداڵ دەبێت | دووبارەبونەوە | % |
|---|---|---|
| قۆرخکردن (إستغلال) | 21 | 26.7 |
| ئازاردانی دەروونی منداڵ | 25 | 55.6 |
| هی تر | 9 | 20 |
| کۆی گشتی | 45 | 100 |

لەکاتی پڕکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسییەکەدا توێژەر تێبینی ئەوەی کرد، کە دایەنی منداڵەکە دایك بێت یان باوك ئامادە نییە منداڵەکە بداتەوە بەلایەنی بەرامبەر لەئەگەری دووبارە هاوسەرگیری کردنەوەیدا، بەڵگەش بۆ ئەمە وەڵامی لێتوێژراوانە لەخشتەی ژمارە (6)دا کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی منداڵ ڕووبەڕووی کێشەی زیاتر دەبێتەوە لەکاتی مانەوەدا بۆ ماوەی (24) کاتژمێر، کە پێچەوانەی پاراستنی مافی منداڵو بەژەوەندییەکانیەتی.

ئامانجی سێیەم: دەرخستنی جیاوازی نێوان سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی ئەم گۆڕاوانە:

أ/ ڕەگەز : نێر - مێ

ب/ تەمەن: 28 – 37 ، 38 – 47

ج/ لایەنداری : حاضن(دایەن) - غیر حاضن

د/ ئاستی خوێندەواری: نەخوێندەوار - دەخوێنێتو دەنوسێت – بنەڕەتی – ئامادەیی – پەیمانگا – زانکۆ – خوێندنی باڵا

ە/ ئاستی بژێوی: باش ، مام ناوەند ، خراپ ، زۆر خراپ

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش، بۆ هەریەك لەخاڵەکانی ( أ، ب، ج) هاوکێشەی (Independent sample t-test) بەکار هێنرا، ئەویش بەهەژمارکردنی ناوەندە ژمێرەیی هەریەکێکیانو پاشان هەژمارکردنی جیاوازی نێوانیان، بۆ هەریەك لەخاڵەکانی (د، ە) شیکاری جیاوازی یەك ئاڕاستە بەکارهێنرا، بەهەمان شێوە ناوەندەژمێرەیی هەریەکێکیان هەژمارکراو دواتر جیاوازی نێوان ئەو ناوەندانە هەژمارکرا. ئەنجامەکەی لەم خشتانەدا خراوەتەڕوو:

خشتەی (7)

جیاوازی نێوان سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| بڕگە | ڕەگەز | | | | بەهای (T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | | مێ | | | |
| | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| کاریگەری ئەرێنی | 12.46 | 2.75 | 13.38 | 3.1 | 0.92 | 0.36 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کاریگەری نەرێنی | 4.15 | 1.35 | 3.63 | 1.1 | 1.37 | 0.17 |
| Q21 | 1.31 | 0.48 | 1.18 | 0.64 | 0.6 | 0.54 |

بەهای (T) ی خشتەیی بەنمرەی ئازادی (43) و ئاستی بەڵگەداری (0.05) = 2.01

بەوجۆرەی لەخشتەکەدا دەردەکەوێت بەهای (T) هەژمار کراو بچووکترە لەبەهای (T) ی خشتەیی بەنمرەی ئازادی (43) و ئاستی بەڵگەداری (0.05)، کەواتە جیاوازی نییە لەنێوان ڕەگەزی نێرو مێ بۆ دیاریکردنی کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی یاساکە، لەهەمان کاتدا جیاوازییان نییە لەبوونی کێشەی زیاتر بۆ منداڵ لەئەگەری هاوسەرگیری کردنەوەی دایكو باوکدا، واتە منداڵ لای دایك بێت یان باوك ئەگەر بۆ ماوەی (24) کاتژمێر بچێتەوەلای ئەوی تریان کە هاوسەرگیری دووەمی کردۆتەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر منداڵ هەیە.

ب/ جیاوازی نێوان سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی تەمەن: لەبەرئەوەی هەریەك لەئاستەکانی تەمەنی (18 – 27 ، 48 – 53) لەسامپڵی توێژینەوەکەدا ژمارەیان زۆر بچووك بوو، کە بەهەردوو ئاستەکە (3) نموونە بوون، بۆیە دوورمان خستنەوە لەدەرهێنانی جیاوازی لەنێوانیاندا، چونکە بەهۆی کەمی ژمارەیانەوە ئەنجامەکە نازانستی دەردەچوو، لەلایەکی ترەوە لەبەرئەوەی ئەو دوو ئاستەی تری تەمەن دەتوانێت نوێنەرایەتی سامپڵی توێژینەوەکە بکات، بەهۆی زۆری ژمارەیانەوە، بۆیە دەتوانین ئەنجامی جیاوازی نێوان ئەو دوو ئاستە گشتاندن بکەین بەسەر کۆی نموونەی توێژینەوەکەدا، لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئەنجامی جیاوازییەکە خراوەتەڕوو:

خشتەی (8)

دەرخستنی جیاوازی نێوان سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی تەمەن

| بڕگە | تەمەن | | | | بەهای (T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | 28 – 37 | | 38 – 47 | | | |
| | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| لایەنی ئەرێنی | 13.11 | 2.98 | 12.93 | 3.29 | 0.177 | 0.86 |
| لایەنی نەرێنی | 3.93 | 1.08 | 3.43 | 1.22 | 1.34 | 0.18 |
| Q21 | 1.25 | 0.51 | 1.21 | 0.69 | 0.18 | 0.85 |

بەهای (T) ی خشتەیی بە نمرەی ئازادی (40) و ئاستی بەڵگەداری (0.05) = 2.02

بەوجۆرەی لەخشتەکەدا دەردەکەوێت بەهای (T) ی هەژمار کراو بەنمرەی ئازادی (40) و ئاستی بەڵگەداری (0.05) بچوکترە لەبەهای (T) ی خشتەیی، کەواتە جیاوازی تەمەن نابێتە هۆی دروست کردنی جیاوازی بیروڕا لەسەر جێبەجێکردنی یاساکە.

خشتەی (9)

جیاوازی نێوان سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی (حاضن) و (غیر حاضن)

| بڕگە | لایەندار | | | | بەهای (T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەخێوکەر (حاضن) | | لایەنی بەرامبەر (غیر حاضن) | | | |
| | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| لایەنی ئەرێنی | 13.41 | 3.21 | 12.34 | 2.39 | 1.03 | 0.31 |
| لایەنی نەرێنی | 3.56 | 1.21 | 4.31 | 0.94 | 1.97 | 0.05 |
| Q21 | 1.18 | 0.59 | 1.31 | 0.63 | 0.61 | 0.54 |

بەهای (T) ی خشتەیی بەنمرەی ئازادی (43) و ئاستی بەڵگەداری (0.05) = 2.01

وەك لەخشتەکەدا دیارە بەهای (T) ی هەژمار کراو بەنمرەی ئازادی (43) و ئاستی بەڵگەداری (0.05) بچوکترە لەبەهای (T) ی خشتەیی ، کەواتە هاوشێوەی هەردوو گۆڕاوی (ڕەگەزو تەمەن) جیاوازی نییە لەنێوان بەخێوکەرو لایەنی بەرامبەر لەدەستنیشان کردنی کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی یاساکەدا.

خشتەی (10)

جیاوازی نێوان سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندن

| برگە | سەرچاوەی جیاوازی | Sum of squre (کۆی ناوەندە ژمێرەیی) | (df) نمرەکانی ئازادی | Mean square (دووجای ناوەندە ژمێرەیی) | بەهای (ف) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لایەنی ئەرێنی | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | 42.962 | 6 | 7.160 | .765 | .602 |
| | لەناو کۆمەڵەکاندا | 355.483 | 38 | 9.355 | | |
| | کۆی گشتی | 398.444 | 44 | | | |
| لایەنـــــی نەرێنی | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | 5.523 | 6 | .921 | .622 | .712 |
| | لەناو کۆمەڵەکاندا | 56.254 | 38 | 1.480 | | |
| | کۆی گشتی | 61.778 | 44 | | | |
| Q21 | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | 1.659 | 6 | .276 | .744 | .618 |
| | لەناو کۆمەڵەکاندا | 14.119 | 38 | .372 | | |
| | کۆی گشتی | 15.778 | 44 | | | |

بەهای (F) خشتەیی بەنمرەی ئازادی (38 – 6) و ئاستی بەڵگەداری ( 0.05) = 2.34

وەك لەخشتەکەدا دەردەکەوێت بەهای (F)ی هەژمارکراو بەنمرەی ئازادی (6 – 38) و ئاستی بەڵگەداری ( 0.05) بچوکترە لە بەهای (F) خشتەیی، کەواتە جیاوازی ئاستی خوێندن نەبۆتە هۆی دروست کردنی جیاوازی بیروڕای هاوسەرە جیابووەوەکان لەسەر کاریگەرییە ئەرێنیو نەرێنیەکانی یاساکە.

خشتەی (11)

جیاوازی نێوان سامپڵی توێژینەوکە بەپێی گۆڕاوی ئاستی بژێوی

| برگە | سەرچاوەی جیاوزی | Sum of squre (کۆی ناوەندەژمێرەیی) | (df) نمرەکانی ئازادی | Mean square (دووجای ناوەندەژمێرەیی) | بەهای (ف) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لایەنی ئەرێنی | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | 6.783 | 3 | 2.261 | .237 | .870 |
| | لەناو کۆمەڵەکاندا | 391.662 | 41 | 9.553 | | |
| | کۆی گشتی | 398.444 | 44 | | | |
| لایەنـــــی نەرێنی | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | 2.499 | 3 | .833 | .576 | .634 |
| | لەناو کۆمەڵەکاندا | 59.279 | 41 | 1.446 | | |
| | کۆی گشتی | 61.778 | 44 | | | |
| Q24 | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | 2.223 | 3 | .741 | 2.242 | .098 |
| | لەناو کۆمەڵەکاندا | 13.555 | 41 | .331 | | |
| | کۆی گشتی | 15.778 | 44 | | | |

بەهای (F) ی خشتەیی بەنمرەی ئازادی (38 – 6) و ئاستی بەڵگەداری ( 0.05) = 2.34

وەك لەخشتەکەدا دەردەکەوێت بەهای (F)ی هەژمارکراو بەنمرەی ئازادی (6 – 38) و ئاستی بەڵگەداری ( 0.05) بچوکترە لە بەهای (F) خشتەیی، کەواتە جیاوازی ئاستی بژێوی نەبۆتە هۆی دروست کردنی جیاوازی بیروڕای هاوسەرە جیابووەوەکان لەسەر کاریگەرییە ئەرێنیو نەرێنییەکانی یاساکە.

هۆکاری نەبونی جیاوازی لەنێوان گۆڕاوەکان و کاریگەری یاساکە ئەوەیە، کە پاراستنی بەرژەوەندی منداڵ و بەرگری لێکردنی، وە بەرجەستەکردنی سۆزی دایکایەتی و باوکایەتی مافێکی سروشتی مرۆڤەکانە بەبێ جیاوازی ڕەگەزو تەمەن و ئاستی ئابوری و خوێندەواری.

ئامانجی چوارەم : خستنەڕوی بیروڕای دادوەرانی باری کەسێتی لەسەر چەندێتی پاراستنی بەرژەوەندی منداڵ لە هەموارکردنەوەی ئەم یاسایەدا، کە بریتین لە( 5)دادوەر بۆزانینی بیروڕایان وەکو شارەزاو پسپۆڕێکی مەیدانی و بابەتی مامەڵەی ڕۆژانەیان لە دادگاکاندا سەبارەت بە یاساکە (پرسیارەکان،پاشکۆی5 ) لە ڕێگەی ئەم چاوپێکەوتنەوە:

تەوەرەی یەکەم: ئایا هەموارکردنەوەی ماددەی (4) لەیاسای باری کەسێتی تاچەند لەگەڵ بەرژەوەندی منداڵە، کە تیایدا هاتووە مافی مانەوە (مبیت) دراوە بەمنداڵ لای یەکێك لەدایك یان باوك؟

مافی مانەوەی منداڵ لای دایك یان باوك دوای جیابونەوە لەگەڵ بەرژەوەندی منداڵ نییە، چونکە کاریگەری هەیە لەسەر جێگیربوون (إستقرار)ی منداڵو سۆزی دەروونی بۆ دایكو باوك، لەبەرئەوەی:

1. ئەگەر منداڵ خوێندکار بێت، دژبەیەکیەك دروست دەکات لەگەڵ ئەو ئەرکانەی کە لەپشوەکاندا پێویستە جێبەجێبکرێت.

2. دەربڕینی خۆشەویستی زۆر بۆ منداڵ لەماوەی (24) کاتژمێرداو بەسەریەکەوە کاریگەری نەرێنی دروست دەکات لای منداڵ، چونکە منداڵ کورت بینەو توانای لێکدانەوەی ئەو ئەركو کارانەی نییە، کە لەماوەی (6) ڕۆژی هەفتە بۆی کراوەو تەنها ئەو خۆشەویستییە دەبینێت، کە لایەنی بەرامبەر لە (24) کاتژمێردا پێی ئەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەڵسەنگاندنی نادروست بۆ دایكو باوکی بکاتو لەکۆتایشدا بەزیان بۆ کەسێتی دایك یان باوك دەشکێتەوەو، منداڵ فێری ئەوە دەبێت بە جیاوازی سەیری دایكو باوکی بکات.

3. منداڵ لەژێر دایەنی (حچانە) یەکێك لەدایك یان باوکدا جۆرێك لەسەقامگیری بۆ دروست دەبێت، کاتێك لەهەفتەیەکدا شەوێك دەچێتە لای ئەوی تریان ئەو جێگیربوونە تێك دەچێتو کار لەلایەنی دەروونی منداڵ دەکاتو جۆرێك لە دوو پەروەردەیی تیا دروست دەبێت، کە دەبێتە ترازان (انفصام)ی کەسێتی منداڵەکە، بەتایبەت لە کولتوری ئێمەدا کاتێك دایكو باوك جیادەبنەوە وەك دوژمن مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەنو دەشیانەوێت ئەوە لەناخی منداڵەکەدا بچەسپێنن، کە دووجار بەزیانی منداڵ کۆتایی دێت.

4. ئەو مافە بەمنداڵ نەدراوە بەڵکو بەیەکێك لەدایك یان باوك دراوە، چونکە هەمیشە یەکێك لەو دووانە داواکارن لەداوای بینینی منداڵەکەیانو مانەوە لای، بۆ ئەو ماوەیەی یاساکە دیاری کردووە.

5. گۆڕینی شوێنی مانەوە کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر پەروەردەی منداڵ، لەبەرئەوەی بەخێوکارەکەی زۆر بەباشی ئاگاداری منداڵەکەیەو هەر ئەو دەزانێت بەشێوازێك مامەڵەی دروستی لەگەڵ بکات، وەك دیاری کردنی کاتی پشوودانو خەوتنو چۆنێتی خۆراك پێدانو خوێندنو پاکردنەوەو هاوڕێیەتی کردنی منداڵی ترو تێکەڵاوبوون لەگەڵ کەسانی تر، لەبەرئەوە کاتێك لە دایەنەکەی دوور دەکەوێتەوە کاروبارەکانی ڕۆژانەی تێك دەچێتو بەپێی سروشتی خۆی ناڕوات.

بیروڕای دادوەران لەپێشخستنی بەرژەوەندی منداڵ بەسەر بەرژەوەندی دایكو باوکدا بەم جۆرەیە:

1. لەگەڵ ئەوەی کە مافی بینین مافێکی دوولایەنە لەنێوان باوانو منداڵدا، بەڵام بەپێی شەرعو یاسا مافی منداڵ ئەولەویەتی پێدراوە، لەبەرئەوە پێویستە بەرژەوەندی منداڵ بخرێتە پێش بەرژەوەندی داواکاری بینین، نابێت لەو بوارەدا موازەنە بکرێت. بەڵام بەپێی ئەم یاسایە هیچ زامنییەك (چمان) نییەو منداڵ لەژێر ڕەحمەتی داواکاری بینین دایە.

2.پێویستە بەرژەوەندی منداڵ پێش بخرێت، لەبەرئەوەی لەبەردەم کەسێتییەکداین کە لەهەموو ڕووەکانەوە گەشە دەکاتو بۆ تەواوی کاروبارەکانیش پشت بەدایك یان باوك دەبەستێت، بۆیە نابێت ئەم کەسێتییە پاکە (منداڵ) تێکەڵ بەململانێکانی دایكو باوکی ببێت یان بکرێت.

3.پێویستە بەرژەوەندی منداڵ لەپێشتر بێت، چونکە هەموو بەرژەوەندییەکی منداڵ یەکسانە بە بەرژەوەندی دایكو باوك بەڵام مەرج نییە هەموو بەرژەوەندییەکی دایكو باوك بەرژەوەندی منداڵیش بێت.

بەبیروڕای دادوەران ئەو ڕێو شوێنانەی کە یاسا دەستەبەری بەرژەوەندی منداڵی پێ دەکات خۆی لەو دەسەڵاتە تقدیریەدا دەبینێتەوە کە دراوە بە دادوەر تا ڕەچاوی بەرژەوەندی منداڵ بکات، ئەویش لەڕێگەی واقعی داواکەو لێپرسین (استجواب)ی هەردوولای داواکەو سوود وەرگرتن لەڕای توێژەری کۆمەڵایەتیو داواکاری گشتیو ڕاپۆرتی پزیشکی دەروونی سەبارەت بە هەمواری مادەی (57) بڕگەی (4) تایبەت بەمافی مانەوەی منداڵ.

ئەوەش بەوە دەبێت کە یاسا دەسەڵاتی تقدیری (سلگە تقدیری) دادوەر زیاد بکات بەو جۆرەی لەبابەتی داوایەکەوە بۆ داوایەکی تر جیاوازە، لەبەرئەوەی دایك‌و باوك هەیە بەرێکەوتن جیابونەتەوە، بەڵام دایك‌و باوکی تر هەیە بەهۆکاری خیانەت لەیەکتر جیابونەتەوە، یاسا کاتێك دەستەبەری (مصلحە الولد) دەکات، کە ئەو تقدیرە بۆ دادوەر جێبهێڵێت، چونکە هەر دادوەرە دەتوانێت بەرژەوەندی لایەنەکانی داواکە لێك بداتەوە، بێگومان دادوەریش دەبێت بڕیارەکەی هۆدار بێت واتە ( تسبیب) بکات. هەروەها بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی منداڵ بەسەر باواندا دەبوو لەکاتی گەڵاڵەکردنی پرۆژە یاساکە پرس‌و ڕای چەند شارەزایەکی بواری کۆمەڵناسی‌و دەروونناسی منداڵ وەربگیرایە، بۆئەوەی یاساکە بەدروستی بهاتایە بواری کارپێکردنەوە (تگبیق).

ئامانجی پێنجەم: دەرخستنی کەم و کورتی یاساکەو، چۆنێتی چارەسەرکردنی، بەبیروڕای دادوەران لەڕێگەی ئەم چاوپێکەوتنەوە:

تەوەرەی دووەم: کەم‌و کورپییەکان‌و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو کەم‌و کورتیانەی لەجێبەجێکردنی یاساکەوە دەرکەوتوون: کەم‌و کورتییەکانی یاساکە بریتین لە:

1. کەسی داواکاری بینین شوێن‌و کاتی بینین‌و وەرگرتن‌و گەڕانەوەی منداڵ دیاری دەکات نەك دادگا، ئەمەش هۆکارە بۆئەوەی دادگا نەتوانێت لەکاتی جێبەجێنەکردندا لێپرسینەوە لەو لایەنە بکات کە کەمتەرخەمە.

2. ئەم یاسایە هیچ بوارێکی بۆ دادگا نەهێشتۆتەوە تا لەبەرژەوەندی منداڵ بڕیار بدات، لەبەرئەوەی دادگای پێداچونەوەی هەرێم دەڵێت دەبێت کار بەیاساکە بکرێت.

3. منداڵەکە لەشوێنێکەوە دەبرێت بۆ شوێنێکی ترو دوور لەچاوی بەخێوکەرەکەی، کە هەندێك جار لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر یان تێکەڵاوبوونی چەند پەروەردەیەك لەلای منداڵەکە، یان بەفیرۆچوونی کاتێکی زۆری منداڵ بەتایبەت ئەگەر خوێندکار بێت، ئەمە سەرەڕای کاریگەرییە دەروونییەکان لەسەر کەسێتی منداڵ.

4. بەکارهێنانی منداڵ وەك هۆکارێکی ململانێ بۆ ئازاردانی هەستی یەکتر.

5. ئەگەر دایك‌و باوك ڕێك نەکەوتن لەسەر بینینی منداڵەکە دوای تەمەنی (شیرەخۆری- دووساڵ) ئەو کاتە مانەوە (مبیت) پێویست (وجوب)ی دەبێت بۆ ماوەی (24) کاتژمێر بەسەریەکەوە، کە ئەمەش ئەو دەسەڵاتەی دادوەر هەیەتی بۆ یەکلاکردنەوەی داواکە دەخاتە مەترسیەوە، چونکە دەقی مادەکە بەوجوبی مافی مانەوەی داوە، ئەمەش زۆر جار لەزەرەری منداڵە، کە بمێنێتەوە لای دایك یان باوك، جا لەبەر ژینگەی نیشتەجێ بوون بێت یان ئەو ئەو ماڵەی دایك یان باوك ژیانی تیا دەباتە سەر دوای جیابونەوە.

6. گەورەترین کەم‌و کورتی یاساکە ئەوەیە کاتێك کەسی بەخێوکار ڕازی نییە منداڵەکە بمێنێتەوە لای کەسی داواکار، یاساکە ئامـاژەی داوە کە دەبێت بۆ ماوەی مانگێك دایەنی لێوەربگیرێتەوە، بەڵام ڕێ‌و شوێنی وەرگرتنەوەی ئەو دایەنیـیەی (حچانەیە) دەسنیشان نەکردووە، ئایا بەداوایەکی خێرا دەکرێت یان وەك هەر داوایەکی تر، ئایا چۆن جێبەجێدەکرێت، دواتر چۆن دیسان حچانەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، ئایا ئەگەر جارێکی تر دووبارەی کردەوە چ مامەڵەیەکی لەگەڵ دەکرێت، چونکە هەموو کات پێدانی حچانە گونجاونییە بۆ ئەو کەسەی داوای دەکات، بەڵکو کۆمەڵێك پێوەر هەن دەبێت دادگا بەو پێوەرانە دوای کۆمەڵێك ئیجرائات حچانەی منداڵەکە بگێڕێتەوە، بەڵام بەپێی ئەم یاسایە بێت دادگا بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو پێوەرانە منداڵ دەداتە ئەو کەسەی لە بینینی منداڵەکەدا داواکارە.

7. هەموارکردنی ئەم یاسایە هەندێك کێشەی نوێی هێناوەتە ئاراوە، کە لەیاساکەی پێشوو ئەو کێشانە نەبوو چونکە بەپێی دەقە کۆنەکە دادگا لەحوکمی خۆیدا تەنها ژمارەی جارەکان‌و ماوەی مانەوەی بەچەند سەعاتێك دەسنیشان دەکرد زۆربەی جار ئەویتر کە شوێنەکەیە بەزۆری بۆ جێبەجێکردنی بەجێدەهێڵێت.

چارەسەری ئەم کەم‌و کورتیانەش بەم خاڵانە دەبێت:

دانانی میکانیزمێك بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی منداڵ، ئەویش بەدیاریکردنی کات‌و ژمارەی بینینەکان‌و چۆنێتی هێنان‌و بردنی منداڵەکە لەلایەن دادگاوە، بەجۆرێك لەبەرژەوەندی منداڵ بێت نەك کەسی داواکاری بینینی منداڵ، چونکە منداڵ زۆرترین زیانی پێدەگات لەجیابوونەوەدا، هەندێکجار دایك‌و باوك ڕق‌و کینەی خۆیان بەرامبەر بەیەکتری بەبەکارهێنانی منداڵەکە دەردەبڕن‌و ئازاری یەکتر بە ئازاردانی منداڵەکە دەدەن. لەبەرئەوە تەنها بینین (مشاهدە) هەبێت باشە نەك مانەوە (مبیت)، واتە وەستان‌و کار پێنەکردنی یاساکە.

**7-دەرئەنجامەکانی توێژینەوە:**

1. هەموارکردنەوەی ئەم یاسایەو مافی مانەوە(مبیت)، کاریگەری نەرێنی لەسەر منداڵ زیاترە، ئەگەر (حاضن) دایك بێت یان باوك، هەر تەمەنێك بێت،و هەر ئاستێکی خوێندەواریو ئابوری هەبێت.

2. بەهۆی جێبەجێکردنی یاساکەوە منداڵ ڕووبەڕووی کێشەی دەروونیو کۆمەڵایەتیو ڕەفتاری دەبێتەوە.

3. زۆربەی لێتوێژراوان بینین (مشاهده) بەباشتر دەزانن لە(مبیت) مانەوەی (24) کاتژمێر لای لایەنی بەرامبەر، ئەویش لەبەر ئەو کاریگەرییە نەرێنییانەی کە جێبەجێکردنی یاساکە لەسەر منداڵ جێیدەهێڵێت.

4. دەرکەوتووە کە جێبەجێکردنی یاساکە کاریگەری ئەرێنی و نەرێنیشی هەیە لەسەر منداڵ، لەکاتێکدا کاریگەرییە نەرێنیەکانی زیاترە، لەڕووی پڕکردنەوەی پێداویستییە دەرونیو سۆزداریو هەڵچوونیەکانی منداڵەوە، زۆربەی لێتوێژراوان پێیان وایە کە نەبوّتە هۆی پڕکردنەوەی ئەم پێداویستیانەی منداڵ، واتە لەبەرژەوەندی منداڵدا نییەو مافەکانی تیایدا نەپارێزراوە، لەلایەکی ترەوە چەندین ڕەنگدانەوەی نەرێنی ڕەفتاری نەگونجاوی لەمنداڵدا دروست کردووە. وەکو (ترس، شەڕەنگێزی، قسە گێڕانەوە، قسەهێنانو بردن) ئەمانە بەڕێژەیەکی زۆر، لەگەڵ دەرکەوتنی هەندێك سیفەتی وەك (نائومێدی، هەست بەکەمیو ملکەچ بون، هەڵهاتن، خەم ساردی) بەڕێژەی کەمتر.

5. لەکاتی مانەوەی منداڵ بۆ (24) کاتژمێر لەباری هاوسەرگیری دووەمدا منداڵ ڕووبەڕووی بەکارهێنانی خراپو ئازاردانی دەروونی دەبێتەوە.

6. بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە جیاوازیی نییە لەنێوان وەڵامی لێتوێژراواندا لەسەر کاریگەرییە ئەرێنیو نەرێنییەکانی یاساکە لەسەر منداڵ، واتە زۆربەی لێتوێژراوان یاساکە بەگونجاو نازانن بەوجۆرە هەموارکراوەی لەئێستادا هەیە، ئەمەش بەهۆی ئەو کەمو کورتیو ناڕونییەی لەیاساکەدا هەیە.

7.بەڕای دادوەرو زۆربەی لێتوێژراوان باشترین چارەسەر وەستانی یاساکەو کارپێنەکردنێتی، تا پێداچونەوەیەکی بۆ ئەنجام دەدرێت و چارەسەر بۆ کەلێنەکانی دیاریدەکرێت.

8. دەتوانین بڵێین کە ئەم هەموارکردنە ناتەبایە لەگەڵ لە شەریعەتی ئیسلام و مەبەستەکانی، چونکە یاسای گشتی لە ئیسلامدا دەخوازێت کە هەرکارێك زیانی لە سودی زیاتر بوو قەدەغە بکرێت، ئەمە بنەمایەکی گشتیە لە تەشریعی ئیسلامیدا، هەروەك ئەم ئایەتە پیرۆزەش جەختی لەسەر دەکاتەوە: {يسألونك عن الخمر والميسر قل فيهما إثم كبير ومنافع للناس وإثمهما أكبر من نفعهما} (البقره 219).

9- لە زانستی بنەماکانی فیقە و مەبەستەکانی شەریعەتەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەنجام لەهەر کارێکدا گرنگە، ڕاستە باوك مافی بینینی منداڵی هەیە، بەڵام ئەگەر مانەوەی منداڵ لای باوك زیانی هەبو کەواتە ئەنجامەکەی نەرێنیە نەك ئەرێنی، بۆیە لەشەرعیش دا هەر کارێك ئەنجامەکەی زیانی هەبو قەدەغە دەکرێت

**8-ڕاسپاردەو پێشنیار:**

1. توێژەر بەگرنگی دەزانێت لیژنەی یاسایی پەرلەمان ئەم دەرئەنجامە بەهەند وەربگرنو پێداچوونەوە بەیاساکەدا بکەنو کەمو کورتییەکانی دیاری بکەنو چارەسەرو، و تەواوی ئامرازەکانی جێبەجێکردنی یاساکە دیاری بکەن.

2. دیاریکردنی جێژوانی خێزانی تایبەت لەشارو شارۆچکەکاندا، کە مەرجەکانی حەوانەوەو پێکەوەبوونی خێزانی تیادا بەرجەستە ببێت، لەلایەن دادگاوە.

3. پێویستە ستافی تایبەتو ڕاهێنراو دیاری بکرێت لەلایەن دادگاوە لەشوێنی جێژوانی خێزانیدا، کە بریتیبن لەتوێژەری کۆمەڵایەتیو دەروونیو یاساییو ئایینی، تابتوانن لەئەگەری ڕوودانی هەرکێشەیەکدا چارەسەری گونجاو دیاری بکەن، کە لەبەرژەوەندی منداڵدا بێت بەپلەی یەکەمو بەرژەوەندی دایكو باوکیش لەبەرچاوبگیرێت.

4. ئەنجامدانی توێژینەوە لەلایەن باری کەسێتی دادگاوە، لەسەر کاریگەری یاساکە لەسەر هەریەك لەژنو مێردی جیابوەوە.

**9-سەرچاوەکان**

1. أبو زهراء، محمد (1950): الأحوال الشخصيه، دار الفكر العربى، منشورات جامعه قار يونس بين غازى.
2. إسماعيل، ياسر يوسف (2009): المشكلات السلوكيه لدى الاطفال المحرومين من بيئتهم الأسريه، رساله ماجستر.
3. أمين، أسامه ربيع (2007): التحليل الإحصائى، بإستخدام برنامج S.P.S.S، الطبعه الثانيه، المكتبه الأكاديميه والمكتبه الأنجلو المصريه، القاهره.
4. بدوى، أحمد زكى (1982): معجم مصطلحات العلوم الإجتماعيه، مكتبه لبنان، بيروت.

5. البطش، محمد وليد وآخرون (2007): مناهج البحث العلمى، تصميم البحث وتحليل الاحصائى، جامعه عمان.

6. الجندى، أحمد نصر (2011): الأحوال الشخصيه، دار الكتب القانونيه للنشر، مصر.

7. الحسن، أحسان محمد وآخرون (1982): طرق بحث الإجتماعى، بغداد.

8. الحسن، أحسان محمد وعبدالحسين زينى (1982): الاحصاء الإجتماعى، دار الكتب للطباعه والنشر، الموصل.

9. حسن، عبدالباسط محمد (1982): أصول البحث الإجتماعى، الطبعه الثامنة، مكتبة وهبة، قاهرة.

10. دوريته، جان فرانسوا (2009): معجم العلوم الإنسانيه، ترجمه جورج كتوره، كلمه مجد والمؤسسة الجامعية لدراسات والنشر

11. سكوت، جون (2011): موسوعة علم الإجتماع، ترجمه: أحمد زايد وآخرون، الطبعه الثانيه، قاهرة.

12. سلامه، محمد على (2007): محكمه الاسره ودورها فى المجتمع، الطبعه الأولى، دار الوفاء للطباعة والنشر، الأسكندرية.

13. السيد، سميره أحمد (1997): مصطلحات علم الإجتماع، ناشر مكتبة الشقرية، رياض السعوديه.

١٤. شعبان، زكيه الدين (1989): الأحكام الشرعيه.

١٥. طبيه، أحمد عبدالسميع (2008): مبادئ الإحصاء، الطبعه الإولى، دار البدايه للنشر والتوزيع، عمان.

١٦. العيسوى، عبدالرحمن (2009): علم النفس الأسرى، دار الأسامه للنشر والتوزيع، الأردن، عمان.

١٧. الكبيسى، أحمد عبيد (2009): الأحوال الشخصيه، جزو الأول، شريكه العاتيك للصناعة المكتبات، قاهرة.

١٨. كريم, فارووق عبدالله (2004): الوسيط فى شرح قانون الأحوال الشخصيه العراقى، جامعه السليمانيه- عراق.

١٩. كشروط، عمار طيب (2007): البحث العلمى ومناهجه، دار المناهج، عمان.

٢٠. كشكول، محمد حسن (بدون سنه): شرح قانون الأحوال الشخصيه، مكتبه قانونيه، بغداد.

٢١. م. بلالوك، هيربرت (2000): الاحصاء الإجتماعى، ترجمه: عثمان الحسن محمد و سليمان محمد رضوان، الطبعة الثانية، مكتبه العبيكات، الرياض.

٢2. المجيدل، عبدالله وآخرون (2008): مشكلات الشباب من وجهه النظر طلبه كليات التربيه، مجله جامعه ديمشق، مجلد 24

٢٣. المحاميد، شويش (2006): حق المشاهده فى الفقه الإسلامى، علوم الشريعه والقانون، مجلد 33، عدد 1.

٢٤. محمد، محمد على (1982): مقدمه فى البحث الإجتماعى، دار النهظه العربية، بيروت.

٢٥. ملحم، سامى محمد (2002): مناهج البحث فى التربيه وعلم النفس، الطبعه الثانيه، دار المسيرة، عمان.

٢٦. نخبه من المتخصصين (2009): علو الإجتماع الأسرى، شريكه العربيه المتحيده، قاهره.

٢٧. عمر، معين خليل (2012): میتۆدەکانی توێژینەوە لەکۆمەڵناسیدا، وەرگێڕانی: محمد شوانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢٨. صالح، محمد مەلا (2004): پوختەی تەفسیری قورئان، کتێبخانەی تیشك، سلێمانی.

٢٩. أمين، بورهان محمد (2012): تەفسیری ڕۆشن، چاپی 22، کتێبخانەی سارا، سلێمانی.

٣٠. الخولى،سناو (1983):الزواج والعلاقات الاسريه،دار النهظه العربيه، بيروت.

٣١. عمر، معن خليل (1999): علم اجتماع الاسره، الطبعه الاولى، دار الشروق، عمان.

٣٢. الحسن، احسان محمد (2005): النظريات الاجتماعيه المتقدمه، الطبعه الاولى، دار وائل للنشر، عمان.

٣٣. زايتلن، إرفنج(1989): النظريه المعاصره فى علم الاجتماع، ترجمه: محمودعوده و ابراهيم عثمان،منشورات ذات السلاسل،كويت.

٣٤ جلبى، على عبد الرزاق(2005): الاتجاهات الاساسيه فى نظريه علم الاجتماع، دارالمعرفه الجامعيه، الاسكندريه.

٣٥. البغدادى، أبو الحسن على بن محمد بن حبيب البصرى( الشهير بالماوردى )، (بدون سنه الطبع) :تفسير الماوردى النكت والعيون، المحقق: السيد ابن عبد المقصود بن عبد الرحيم، الناشر: دار الكتب العلميه - بيروت / لبنان

٣٦. بن محمد ،أبو محمد موفق الدين عبد الله بن أحمد (الشهير بابن قدامه المقدسى) (1997): المغنى، تحقيق: الدكتور عبد الله بن عبد المحسن التركى، والدكتور عبد الفتاح محمد الحلو، عالم الكتب، الطبعه: الثالثه، الرياض – السعوديه.

٣٧. الجامع الصحيح المختصر، (المتوفى 256هـ)36. الجعفى، محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخارى (1987) :

٣٨. تحقيق د. مصگفى ديب البغا، الناشر دار ابن كپير , اليمامه، بيروت..

٣٩. النيسابورى، أبو الحسين مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيرى(بدون سنه الطبع) الجامع الصحيح المسمى صحيح مسلم، دار الجيل بيروت + دار الأفاق الجديده، بيروت.


**9-پاشكۆكان**

پاشکۆی (1)

فۆڕمی ڕاپرسی

هاوڵاتی بەڕێز /

ئەم فۆڕمەی بەردەستت بۆمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی یە سەبارەت بە[ڕەنگدانەوە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی یاسای ژمارە (6)ی ساڵی 2015 لەسەر منداڵ ] ، سەبارەت بە مافی بینین و مانەوەی لای یەکێك لە دایك یان باوك دوای جیابوونەوەیان. دەخوازین بەووردی بیخوێنیتەوە و دواتر ئەو وەڵامە هەڵبژێریت کە دەربڕی خۆتە، بەدانانی نیشانەی (✓) لەبەردەم هەر وەڵامێك کە تۆ هەڵیدەبژێریت ونوسینی بۆچوونی خۆت بۆ ئەو پرسیارەی پێویستی بە وەڵامەو پیویست ناکات ناوی خۆت لەسەر فۆڕمە کە بنوسیت.

لەگەڵ ڕێزدا.    پەروین أبوبكر محمد

یەکەم / زانیای گشتی

1. ڕەگەز : نێر    مێ
2. تەمەن : [ ] ساڵ
3. ئاستی خوێندن : نەخوێندەوار    ئەخوێنیت وئەنوسێت    بنەڕەتی    ئامادەیی
پەیمانگا    زانکۆ    خوێندی باڵا
4. ئاستی بژێوی : [ ] دینار
5. هاوسەرگیری دووەمت کردۆتەوە : بەڵێ    نەخێر
6. کام لایەنی؟    حاضر    غیر حاضر

دووەم /

7. هەست دەکەیت دوای جیابوونەوە منداڵەکەت لە دۆخێکی دەرونی نائاساییدا بێت؟ بەڵێ    نەخێر
8. ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە، کام لە منداڵەکان زیاتر باری دەروونییان نائاساییە؟
کوڕ    منداڵی نوبەرە    منداڵی ناوەند    ...ڵ
9. کام لەم بارە دەروونییانە ... دەکەیت ؟
ترس    خەمۆکی    دڵەڕاوکێ    گۆشەگیری    نائومێدی
هەست...    بێزاری    خەم...    توڕەیی و توندوتیژی
10. ...ەوە تێبینی باری نائاسا... منداڵەکەت دەکەیت؟ بەڵێ    نەخێر
11. کام لەم ڕەفتارە نائاساییانە زیاتر تێبینی دەکەیت لە منداڵەکەتدا: دزیکردن    درۆکردن
شەڕەنگێزی    ملکەچ بوون    هەڵهاتن    تۆڵەسەندنەوە    ...
12. ...ی یاسای (المشاهده و المبیت ... داویستی منداڵ لەڕو... ە پڕ دەکاتەوە:
تەواو    زۆر    کەم    پڕی ناکاتەوە
13. جێبەجێکرد... مشاهده و المبیت) چەندە پێداویستی سۆز... ڕ دەکاتەوە:
تەواو    زۆر    کەم    ...ی ناکاتەوە
14. جێبەجێکردنی یاسای (المشاهده و المبیت) چەندە منداڵ لەڕوی هەڵچوونییەوە ئارام دەکاتەوە:
تەواو    زۆر    کەم    ئارامی ناکاتەوە
15. جێبەجێکردنی یاسای (المشاهده و المبیت) چەندە هەل دەڕەخسێنێت بۆ دەستێوەردانی کەسە نزیکەکانی لایەنی بەرامبەر بۆ ژیانی منداڵ ؟
زۆر    کەم    زۆر کەم    کاریگەری نییە
16. ئە...ت زۆر ە لە چ بارێکدا؟
ئەگەر دایکەکە بڕیاری جیابوونەوەی دابێت    ئەگەر جیابوونەوەکە بە گلاقی تعسفی (زۆرەملێ)بوو بێت
ئەگەر جیابوونەوەکە بە ڕێکەوتن نەبێت
17. کام لەم کەسایەتییانە زۆرترین کاریگەرییان هەیە لە خو... نائاسایی بۆ منداڵ لە حاڵەتی (مبیت و مشاهده)
دایك و باوك    ژنی دووەمی باوك    مێردی دووەمی دایك    داپیرە    باپیر
خاڵ    مام
18. تا چەند... ی یاسای (المشاهده و المبیت) هەڵێکە بۆ ئا... ی پەیوەندی دایك و باوکی جیابووەوە
زۆر    کەم    زۆر کەم    کاریگەری نییە
19. تا چەندە جێبەجێکرد... مشاهده و المبیت) دەبێتە هۆ... سۆزداری منداڵ
تەواو    زۆر    کەم    کاریگەری نییە
20. جێبەجێکردنی یاسای (المشاهده و المبیت) کام لەم بارانە زیاتر ڕوبەڕوی منداڵ دەکاتەوە؟
دووڕویی    قسەگێڕانەوە    قسە هێنان و بردن    شەڕەنگێزی
بێدەنگ    پەرتەوازەیی هۆش    ...ن    ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی دایك و باو...

هی تر

21. لەکاتی مانەوەی منالا بۆ ماوەی 24 کاتژمێر لە حاڵەتی هاوسەرگیری دووەم یان هێنانی ژنی دووەم چ کێشەیەك ڕوبەڕوی منداڵ دەبێتەوە؟

استغلال کردنی منداڵ ☐ ئازاردانی لەڕوی دەرونییەوە ☐ ی تر بینووسە ☐

22. کەموکورتییەکانی جێبەجێکردنی یاساکە چین ؟

23. چۆن کەموکورتی یاساکە چارەسەر دەکرێن؟

پاشکۆی (2)

ناوی شارەزایان بۆ هەڵسەنگاندنی ئامرازی توێژینەوەکە

| ذ | ناوی شارەزایان | نازناوی زانستی | پسپۆڕی | شوێنی کار |
|---|---|---|---|---|
| 1 | د. نجاة محمد فرج | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی | زانکۆی سلێمانی |
| 2 | د. جوان إحسان فوزی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی | زانکۆی سلێمانی |
| 3 | د. ئەیمان عبدالقادر | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی | زانکۆی سلێمانی |
| 4 | د. ئارام علی فرج | مامۆستا | کۆمەڵناسی | زانکۆی سلێمانی |
| 5 | د. ذیا عباس | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی | زانکۆی سلێمانی |

ڕێژەی سەدی ڕاستگۆیی ئامرازی توێژینەوەکە = ژمارەی برگە گونجاوەکان / ژمارەی گشتی پرسیارەکان X 100

= 118 / 125 x 100 = 94.4

پاشکۆی (3)

ڕێژەی سەدی وەڵامی لێتوێژراوان

کاریگەرییە ئێجابییەکانی جێبەجێکردنی یاساکە لەسەر منداڵ

| باری دەروونی منداڵەکەت نائاساییە | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 39 | 86.7 |
| نەخێر | 6 | 13.3 |
| کۆی گشتی | 45 | 100 |

| کام منداڵ زیاتر نائاساییە | ژمارە | % |
|---|---|---|
| کچ | 22 | 84.9 |
| کوڕ | 18 | 40 |
| منداڵی نۆبەرە | 10 | 22.2 |
| منداڵی ناوەند | / | / |
| بچوکترین منداڵ | 1 | 2.2 |
| کۆی گشتی | 41 | 100 |

| کام لەم بارانە زیاتر | ژمارە | % |
|---|---|---|
| ترس | 24 | 53.3 |
| خەمۆکی | 17 | 37.8 |
| دڵەڕاوکێ | 12 | 26.7 |
| گۆشەگیری | 12 | 26.7 |
| نائومێدی | 7 | 15.6 |
| هەست بەکەمی | 6 | 13.3 |
| بێزاری | 13 | 28.9 |
| خەمر ساردی | 2 | 4.4 |
| توڕەیی و توندوتیژی | 12 | 26.7 |
| هی تر | 4 | 8.9 |
| هیچیان | 4 | 8.9 |
| کۆی گشتی | | |

| تێبینی باری نائاسایی منداڵەکەت دەکەیت | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 33 | 73.3 |
| نەخێر | 12 | 26.7 |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | 45 | 100 |

| کام لەم بارانە زیاتر | ژمارە | % |
|---|---|---|
| دزی کردن | / | / |
| درۆکردن | 11 | 24.4 |
| شەڕەنگێزی | 17 | 37.8 |
| ملکەچ بوون | 6 | 13.3 |
| هەڵهاتن | 4 | 8.9 |
| تۆڵەسەندنەوە | 11 | 24.4 |
| هی تر | 4 | 8.9 |
| هیچیان | 4 | 8.9 |
| کۆی گشتی | 45 | 100 |

| جێبەجێکردنی یاساکە چەند پێویستی دەروونی منداڵ پڕدەکاتەوە | ژمارە | % |
|---|---|---|
| تەواو | 3 | 6.7 |
| زۆر | 7 | 15.6 |
| کەم | 11 | 24.4 |
| پڕی ناکاتەوە | 24 | 53.3 |
| کۆی گشتی | 45 | 100 |

| جێبەجێکردنی یاساکە چەند پێویستی سۆزداری منداڵ پڕدەکاتەوە | ژمارە | % |
|---|---|---|
| تەواو | 5 | 11.1 |
| زۆر | 3 | 6.7 |
| کەم | 13 | 28.9 |
| پڕی ناکاتەوە | 24 | 53.3 |
| کۆی گشتی | 45 | 100 |

| جێبەجێکردنی یاساکە چەند لەڕووی هەڵچونیەوە منداڵ ئارام دەکاتەوە | ژمارە | % |
|---|---|---|
| تەواو | 2 | 4.4 |
| زۆر | 6 | 13.3 |
| کەم | 14 | 31.1 |
| پڕی ناکاتەوە | 23 | 51.1 |
| کۆی گشتی | 45 | 100 |

| چەند هەل دەڕەخسێنێت بۆ دەستێوەردانی ژیانی منداڵ | ژمارە | % |
|---|---|---|
| تەواو | 18 | 40 |
| زۆر | 5 | 11.1 |
| کەم | 4 | 8.9 |
| پڕی ناکاتەوە | 18 | 40 |
| کۆی گشتی | 45 | 100 |

| ئەگەر وەڵامەکەت زۆرە لە چ بارێکدا | ژمارە | % |
|---|---|---|
| دایکەکە بڕیاری جیابونەوە بدات | 11 | 24.4 |
| بەزۆر بوبێت | 12 | 26.7 |
| بەڕێکەوتن نەبوبێت | 14 | 31.1 |
| هیچیان | 8 | 17.8 |
| کۆی گشتی | 45 | 100 |

| کێ زیاتر هۆکارە بۆ دەستێوەردانی ژیانی منداڵ | ژمارە | % |
|---|---|---|
| دایك و باوك | 19 | 42.2 |
| ژنی دووەمی باوک | 12 | 26.7 |
| میردی دووەمی دایك | 4 | 8.9 |
| داپیر | 9 | 20 |
| باپیر | 5 | 11.1 |
| پور | 6 | 13.3 |
| خاڵ | 4 | 8.9 |
| مام | 3 | 6.7 |
| هی تر | 9 | 20 |

| یاساکە چەند هەلە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندی دایک و باوک | ژمارە | % |
|---|---|---|
| زۆر | 5 | 11.1 |
| کەمر | 7 | 15.6 |
| زۆر کەمر | 1 | 2.2 |
| کاریگەری نییە | 32 | 71.1 |
| کۆی گشتی | 45 | 100 |

| جێبەجێکردنی یاساکە چەند دەبێتە هۆی بەکاربردنی سۆزداری منداڵ | ژمارە | % |
|---|---|---|
| تەواو | 16 | 35.6 |
| زۆر | 11 | 24.4 |
| کەمر | 12 | 26.7 |
| کاریگەری نییە | 6 | 13.3 |
| کۆی گشتی | 45 | 100 |

| کامر لەمر ڕەفتارانە لە منداڵدا دەرکەوتووە | ژمارە | % |
|---|---|---|
| دوو ڕوویی | 15 | 33.3 |
| قسەگێڕانەوە | 30 | 66.7 |
| قسەهێنان و بردن | 23 | 51.1 |
| شەڕەنگێزی | 15 | 33.3 |
| بێدەنگ بوون | 15 | 33.3 |
| پەرتەوازەیی هۆش | 14 | 31.1 |
| ترس | 12 | 26.7 |
| ئاساییکردنەوەی پەیوەندی دایک و باوک | 4 | 8.9 |
| هی تر | 4 | 8.9 |
| کۆی گشتی | 45 | 100 |

| لەئەگەری بوونی هاوسەری دوومر کامر لەمر ڕەفتارانە تووشی منداڵ دەبێت | ذمارة | % |
|---|---|---|
| أستغلال کردن | 21 | 26.7 |
| ئازاردانی دەرونی منداڵ | 25 | 55.6 |
| هی تر | 9 | 20 |
| کۆی گشتی | 45 | 100 |

پاشکۆی (4)



KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
Council Of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani Presidency

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان
خوێندنی باڵا

No.: ژمارە: ٧ / ٢٩ / ٨١٧
Date: ڕێکەوت: ٢٠ / ٦ / ٢٠١٧

بۆ: جلژوانی خێزانی

بابەت: پشتگیری

سڵاوی زانستی ...

پشتگیری خوێندکار(پەروین ابوبکر محمد) دەکەین کە خوێندکاری خوێندنی باڵا/ دکتۆرا یە لە بەشی (کۆمەڵناسی )کۆلێجمان، بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری سەردانتان دەکات، پێویستی بەهاوکاری بەڕێزتانە ، هاوکاریکردنتان جێگەی ڕێزە.

لەگەڵ ڕێزدا...

پ.ی.د. ابتسام اسماعیل قادر
ڕاگری کۆلێج
زانستەمرۆڤایەتیەکان
بەوەکالەت

وێنەیەک بۆ :-
- نوسینگەی ڕاگری کۆلێج ..لەگەڵ ڕێزدا.
- خوێندنی باڵا.

University of Sulaimani - new Campus | Raparin Way | Kurdistan | Iraq
www.univsul.edu.iq | e-mail: humanity@univsul.edu.iq

پاشکۆی(5)

پرسیاری چاوپێکەوتنی دادوەرەکان

1.ئایا هەموارکردنەوەی مادەی (4) لە یاسای باری کەسێتی تا چەند لەگەڵ بەرژەوەندی منداڵە کە تیایدا هاتووە مافی مانەوە (مبیت) دراوە بە منداڵ لای یەکێك لە دایك یان باوك؟

2. لە مافی بینین و مانەوەدا (المشاهده و المبيت) تا چەند پێویستە (ترجيح مصلحه الولد ) بکرێت بەسەر (مصلحه الاباو و الامهات) ؟

کامانەن ئەو ڕێ و شوێنانەی کە یاسا زامنی (مصلحه الولد) ی پێ دەکات.

3. دوای ساڵێك لە ئەزمونی جێبەجێکردن کامانەن ئەو کەموکورتییانەی کەلە جێبەجێکردنی یاساکەدا دەرکەوتوو ؟چەند لەو کەموکورتییانە لەڕێگەی دادگاو یاساوە ئەکرێت چارەسەر بکرێت؟

## Changes in law in Kurdistan Region and their coherence with the purposes of Sharia
## Social and psychological impacts of law number (six) of (2015) about a child who lives with a single parent
## This is a field sociological research in Sulaymaniyah city

**Parwin Abubakir Muhammed**
Sociology Dep / University of Sulaymaniyah
parweenam@yahoo.com

### Abstract
This is a field research that was done in the of Sulaymaniyah city. It is about emotional and social impact of rule number six of 2017, on a child who lives with one of their separated parents. The main goal of this study is to show the positive and negative impact of the rule, opinion of the separated parents based on their (sex, age, education level, and income) and the impact of a parent remarrying on the child. To conduct this research a descriptive method, the researcher used a questioner form, meeting and observing as a tool of collecting information used in this research. The sample taken for this research were targeted forty-five separated parents, currently under rule number six .

The result of the study shows, that this rule has a negative impact on a child and less positive impacts which is not in the interest of the child. Fear, aggressiveness, and snitching are the top of the list of negative social impact on the children. Also, disappointment, low self-esteem, running away, and careless are showing less impact on the children .

Based on the differences in sex, age, income, level of education, and political views. All the separated parents, agree that the law has more negative impact compared to the positive impact. The research if the child stays with one of the remarried parent for more than twenty-four hours, the child faces more issues.

**Keywords:** Kurdistan Region, psychological impacts, child, the purposes of Sharia.

## التغيرات القانونية في اقليم كوردستان و مدى ملائمتها مع مقاصد الشريعة
## الانعكاسات النفسية والاجتماعية لقانون رقم (٦) لسنة (٢٠١٥) على الطفل والوالدين بعد التفريق
## دراسة سوسيولوجية ميدانية فى مدينة السليمانية

**پەروين أبوبكر محمد**
كليه العلوم الإنسانيه/ جامعه السليمانيه
parweenam@yahoo.com

### ملخص
هذا البحث، بحث ميدانى عن انعكاسات النفسيه و الاجتماعيه فى مدينه السليمانيه لقانون المرقم (6) لسنه (2015) عن حق حضانه الطفل عند أحد الابوين بعد التفريق.

والهدف الرئيسى للبحث اظهار النواحى الايجابيه و السلبيه لتطبيق القانون وكشف أختلاف وجهات النظر الازواج المطلقين للقانون حسب المتغيرات (الجنس، العمر، المستوى الدراسى، المستوى المعيشى والانحيازيه) وظهور تأثير الزواج للمره الثانيه لاحد الطرفين وخلق المشاكل للطفل.

لتحقيق هذا الهدف استخدمت الباحثة المنهج الوصفى وملء استمارة الاستبيان و المقابله و الملاحظه كوسيله لتجميع المعلومات، ونموذج البحث عينه مقصوده متكونه من (45) زوج مطلق

أظهرت نتيجه البحث ان تطبيق القانون المرقم ب (6) لسنه (2015) تأثيراته السلبيه كثيره جدا مقارنه بالتأثيرات الايجابيه التى هى قليله جدا، وهذا ليس فى مصلحه الطفل لان كل من (الخوف، الشراسه، والنميمه، و التدخل فى حياه الطفل) فى المرتبة الاولى لتلك التأثيرات السلبيه، وان (اليأس، والشعور بالنقص، و الخضوع، والاهمال)ظهرت بشكل أقل على الاطفال بسبب تطبيق هذا القانون و حسب المتغيرات ان كل من (الجنس، والعمر والمستوى الدراسى و المستوى المعيشى و الانحيازى ) ليس لها اختلاف فى وجهات نظر المبحوثين لانهم يعتقدون ان القانون له تأثير سلبى أكثر على الطفل من تأثير الايجابى. و أيظا لو بات الطفل لمده 24 ساعه عند طرف غير الحاضن وهو(أو هى) تزوج للمره الثانيه فان الطفل يواجه مشاكل أكثر مما تحدثنا عنه سابقا.

**الكلمات الدالة:** اقليم كوردستان، مقاصد الشريعة، الانعكاسات النفسية، التفريق.